
# یەکبوون

YEKBUN

UNITED کوردستان KURDISTAN

کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە

June 2013 یەکبوون ژمارە : ٣٩ پووشپەڕی ٢٧١٣


## لەم ژمارەیەدا:


* سیاسەت و دیموکراسی و حکومەت .......... نووسەر ناسر زەرەفشان..... وەرگیرانی لە فارسییەوە عوسمان رەحمانی.....لاپەرەی ...... ٢
* ئیسلام و دیموکراسی.. ..........د. حوسێن خەلیقی .............. لاپەرەی ................ ٤
* پێناسەی سروود.................... ناسر رەزازی............................ لاپەرەی ................. ٧
* فەلسەفەی ئەخلاق [ بەشی یەکەم ] ........ نووسەر لوونیس پ. پۆیمان ......وەرگێر لە سوئیدییەوە حامید مائیلی....... لاپەرەی .... ١٠
* لە سێدارە دانمان لە هەخامەنیشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران [ بەشی چوارەم ] ...... نووسینی هۆمەر ..... لاپەرەی ........ ١٤
* رۆژژمێری مانگی پووشپەری ٢٧١٣ی کوردی ......... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ............ لاپەرەی ...........٢٠

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# سیاسەت و دێموکراسی و حکومەت.




ناسر زەرەفشان

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عوسمان ڕەحمانی

پێوەندیی دیموکراسی و سەربەخۆیی پێوەندیەکی زاتیە. بەڵام پێش لە چونە ناو باسی ئەم پێوەندیە زاتیە، پێویستە سەرەتا چەند خاڵێک لە بابەت چەمک، ناوەرۆک و سنوری دیموکراسی رون بکەینەوە. لەوەیدا کە دیموکراسی خۆی پێوەندیی نێوان حکومەت و خەڵکە، یانی پێوەندی نێوان دەسەڵتدارن و حوکم بەسەردا کراوانەوە لەوەیدا کە تەمەنی هەردوک لایەنی ئەم پێوەندیە، یانی هەم پێشینەی بونی خەڵک بەرانبەر بە دەسەڵات لە مێژودا، وە هەم سەرچاوە و پەیدا بونی دەوڵەت، دەگەرێتەوە بۆ رابوردوە زۆر دورترەکانی بەر لە سەردەمی سەرمایەداری. پێوەندیی ئەم دوانە پێکەوە، یانی مێژوی خەباتی بەشەر بۆ گەیشتن بە دیموکراسیش تایبەت بە سەردەمەی سەرمایەداری نیە. سەرەتا و سەرهەڵدانی ئەم خباتەی بەشەر، دەگەرێتەوە بۆ رابوردوی دورتر. بە واتایەکیتر، بزوتنەوەی دێموکراتیک، بە مانای بزوتنەوەی خەڵک بۆ بەرتەسک کردنەوە و قانونی کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە لەسەر ئەوان و سەپاندنی ئیرادەی خۆیان بەسەر دەوڵەتدا، بەدرێژایی مێژو، بزوتنەوەیەکی دێرینە و بەردەوامە کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمەکانی پێشتر لە سەرمایەداری. هەرچەندە دەستکەوتەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە سەردەمی سەرمایەداری - یانی دیموکراسی بورژوازیی ئێستادا، بەشێکە لە پێشکەوتن و گەشەی مێژویی دیموکراسی. بەڵام دیموکراسی و خەبات بۆ بەدەست هێنانی، نە لەگەڵ نیزام و سیستەمی سەرمایەداری دەستی پێکردوە و نە دیموکراسی لیبراڵ کوتایی مێژوی ئەم خەباتە و یان وتەی کۆتایی لەم باسە دایە.

کاتێک لە هەلومەرجی ئێستای جیهاندا باس لە پێوەندیی سەربەخۆیی لەگەڵ دیموکراسی دەکرێ، مەبەست بارودۆخی ئێستا و کاتیی دیموکراسی، یانی دیموکراسی لیبرالە، بە بێ ئەوەیکە چونەسەر ئەم باسە، بە مانای باوەر بە بونی دیموکراسی تەواو و تەواو عەیار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بێ. من خۆم ئاوا گومانێکم نیە کە تەنیا بە قەبوڵ کردنی ماف و بەهرەمەند بون لەوانە لە بواری ئابوری، یانی بە بونی نابەرابەریە کۆمەڵایەتیە کارەسات سازە ئابورییەکان کە رۆژ بە رۆژ قوڵتر دەبێتەوە و بەدیهاتنی بە کردەوەی ئەم مافە نەزەریە محاڵ دەکەن، بتوانرێ بە دیموکراسی بە مانا و ناوەرۆکی راستەقینەی خۆی بەگەین.

بە پێی ئەم پەندەی پێشینیان "هەرکەسێک زێری لە ترازو دایە، زۆری لە باسک دایە" لە بابەت دیموکراسی پارلەمانیشەوە، کە دەسەڵاتی سیاسی لە رێگای حیزبەکان و هەڵبژاردنەوە دەسەپێندرێ، سەرمایەداران کە خاوەنی سەرمایە و توانایی ماڵێن، دەتوانن بە تواناییە ماڵیەکانی خۆیان، پێگە و توانایی کۆمەڵایەتی و سیاسیش بەدەست بێنن. دەتوانن حیزبی سیاسی پێک بێنن و کونترۆڵ و ئیدارەی ئەو حیزبانە بەدەستەوە بگرن و لە رێگای ئەم حیزبانەوە لە پارلەمانەکان زۆرینە بەدەست بێنن و دەوڵەت پێک بێنن. ئێستا ئەوەیکە خەڵکی زەحمەتکێش و هەژار کە دابین کردنی معاشی رۆژانەیان، مەشغەڵەی سەرەکیان پێک دێنێ، ئاوا مەجال و ئیمکانێکیان نیە. کە وایە لە کردەوەدا، مافی بەرابەری سیاسی کە لە یاساکاندا بەو خەڵکە دراوە بێ کەڵکە و تەنیا لە "قسە" دایە.

بەم شێوەیە هەرچەندە لە روانگای یاسایی و بۆچونەوە هەموان مافی بەرابەریان هەیە، بەڵام لە کردەوەدا "سەرمایەداران و دەوڵەمەندان" بە زەبری تواناییەکان و ئیمکاناتی ماڵیی خۆیان، کونترۆڵی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانیش دەگرنە دەست و بە سەرکەوتنی ئەم حیزبانە لە هەڵبژاردندا، پارلەمان و هێزی یاسا دانان دەگرنە دەستی خۆیان. وە چونکە لە دیموکراسیی پارلەمانیدا، حیزبێک کە لە پارلەمان زۆرینە بەدەست بێنێ، دەوڵەت پێک دێنێ، بەم شێوەیە "سەرمایە" بە ئاسانی کونترۆڵی دەوڵەت و دەزگای بەرێوەبەریش بەدەستەوە دەگرێ. ئەوەیکە زەحمەتکێشان و هەژاران ئاوا توانایی و ئیمکاناتێکیان نییە، راستییەکە کە تەنانەت منداڵێش دەیزانێ. بەم شێوەیە دیموکراسی لە بورای سیاسی و حقوقیدا تا ئەو کاتەی کە لەگەڵ دیموکراسی لە بواری ئابوریدا هاوکات و بەرێوە نەبرێ، حکومەت دەبێتە سەرمایە، نەک حکومەتی خەڵک.

ئاوایە کە لە دیموکراسی بورژوازیدا بە هۆی ئەوەیکە مافی بەرابەر تەنیا لە بواری سیاسی و حقوقی دایە، وە لە بواری ئابوریدا نابەرابەری بەردەوام هەیە، بە کردەوە تەنیا کەسانێک لەم مافە سیاسی و قانونیە کە گۆیا یەکسان دراوە بە شارومەندان، دەتوانن بەهرەمەند بن کە لە باری ئابوریەوە بەتوانا بن. بە مانایەکیتر، ئەم مافە لە کردەوەدا دەبێتە مافی پاوانکراوی "دەوڵەمەندان". باس و وتارەکانی مۆدی رۆژ و لیبرالیی زانکۆییەکانی ئێمە کە جاروبار لە رۆژنامەکان دەردەکەون و بە بێ سەرنجدان بە واقعیەتی کۆمەڵایەتیی خۆیان، ناوەرۆکی بابەتە دەرسیەکانی سەردەمی خوێندکاریی خۆیان دەڵێنەوە، وە بابەتەکانی رۆژنامەیەک کە جارچیی سرینەوەی دژایەتیەکان و ناکۆکیە چینایەتیەکانن، شتێک ناگۆرێت؛ چونکە ئەم باس و وتارانە بە پێچەوانەی راستیەکانن و بۆ دەرکەوتنی راستی و یان ناراستیی بیروبۆچونی کۆمەڵایەتیش، هیچ پێوەرێک باڵاتر لە راستی نیە.

ئەگەر رەوتی رەسمی و خەسێندراوی زانکۆیی و دەوڵەتیی ئێستای کۆمەڵگا لە بابەت توند بونەوەی جەمسەری بونی سیستەمی ئابوریی جیهانی و گەشەی سەرەتانیی سەرمایەی ماڵی و چوارچێوەی هەڵسورانی لەم سیستەمەدا، لە ماوەی چەند دەیەی ئەم دوایانە زانیاریان نیە و بێخەبەر و کەمتەرخەمن، لانیکەم لە بارەی کۆمەڵگای خۆمانەوە هەر کەسێکی ئاسایی لەم راستیانە ئاگادارە کە جیاوازی نێوان هەژاری و سەروەت و دژایەتی چینایەتی لە دو دەیەی رابوردودا تا چ رادەیەک قوڵتر و زیاتر لە جارانە. لەم روەوە تێزە هاوردەکان و مۆدی رۆژی نێولیبرالی، بە هیچ جۆرێک توانایی باس و شیکردنەوەی راستیەکانی کۆمەڵگای ئێمەی نیە. بەڵام ئێستا کە ئاماژە بە کەمبودە مێژویەکانی دیموکراسیی لیبراڵی کرا، دەبێ ئەمەش بوترێ کە هەر ئەم دیموکراسیە پارلەمانیە بەرهەمی خەباتی خەڵک لە دژی نیزامی فیودالی و دەسکەوتی شۆرشانێکە کە تاریک ئەندیشیەکانی سەدەکانی ناوەراست، ئێستبدادی دینی، پاشایەتیی موتڵەقە کە سەرخانی سیاسی سیتەمی فیوداڵی بو، هاوکات لەگەڵ سەرچاوە ئابوریەکانیان، سپاردە مێژو. ئەم جۆرە رێکخستنانەی دەسەڵاتی سیاسیی چینی مامناوەندی بە خەباتێکی درێژماوە لە دژی ئێستبدادی موتڵەق پێکیان هێنا و کاتێک کە بە شێوەی مەنتقی و بەهرە بەخش بەکار ببرێت، پێویستی شکڵی کۆماریی حکومەتە کە هەڵبژێردراو و دێموکراتیکترە لە حکومەتە سەرەرۆەکانی پێشو. ئوسولی فدرالیزم و خۆ بەرێوە بردنی شاری و گەرەک کە لە پەل و پۆەکانی دێمۆکراسیی پارلەمانیە، دەبێتە زەمینەی پێکهاتنی ئورگانە مەحەلیکانی دەسەڵات کە سەر بە کاربەدەستانی رەسمیی دەسەڵاتی ناوەندی نین و لە کاربەدەستانی دیاریکراو یان هەڵبژێردراو لە سەرەوە، دێمۆکراتیکترن. لەسەر یەک، دیموکراسی پارلەمانی لەچاو

رژیمەکانی پێشوی دەسەڵات، سیتەمێکە کە تێیدا تەواوی دانیشتوان یان زۆرینەی خەڵک، لانیکەم بە شێوەی رەسمی وروالەتی، مافی بەشداریان لە دامەزراندنی ئورگانەکانی دەسەڵاتدا هەیە. ئەم دەستکەوتانە لە ئاراستەی زنجیرەی گەشەی دیموکراسی لە مێژو و لە بەراورد لەگەڵ ئێستبدادی فیودالی، هەنگاوێکی گەورە بوە بەرەو پێش. گرفتێک کە لێرە دایە،نیشاندەری ئەم راستیەیە کە نابەرابەری ئابوری رێگری هاتنە دیی ئەم ئوسلوبە بۆچونەیە. دیارە ئەم نابەرابەریە ئابوریەش کوتوپڕ و بە رێکەوت نیە. بەڵکو تایبەتنەندیی و جەوهەری زاتیی سەرمایەداریە. بەڵام بە هەرحاڵ نرخی دیموکراسیی بۆرژوایی دەبێ لەم روانگەوە لێک بدرێتەوە کە بە بێ خەبات بۆ دیموکراسی کە خەباتێکی گشتیە لە لایان تەواوی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانەوە، رێبەریی جەماوەری خەڵک بەرەو شێوەکانی باڵاتر لە سەرمایەداری، سیستەمی باشتری کۆمەڵایەتیش دەستەبەر نابێ.

بەڵام با بگرێینەوە بۆ سەر ئەسڵی باسەکە: یەکێک لە شەرە بۆچونەکانی دەزگای فکریی رژیمە سەرەڕۆکان ئەوەیە کە سەربەخۆیی و ئازادی بەرانبەر بە یەک دادنێن و بەرتەسک کردنەوە یان وەرگرتنەوەی ئازادیەکان لە خەڵک بە بیانوی زەرورەتی پاراستنی ئەمنیەت و سەربەخۆیی وڵات پاساو دەکەن. وەک بڵێی ئازادی و دیموکراسیە سەرەکیەکانی خەڵک، لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی وڵات دژایەتی هەیە و بەم شێوەیە بە بیانوی سەربەخۆیی وڵات یان پاراستنی ئەمنیەت، ئازادیە دێموکراتیکەکانی خەڵک وەر دەگرنەوە. ئەم ئێدیعایە لە بناغەوە ناراست و دروستکراوی پروپاگاندە نەزەریەکانی رژیمە سەرەڕۆکانە و سروشتیشە. چونکە ئوسولەن دیموکراسیی لیبرالی بە نەفی کردنەوەی ئێستبدادی موتڵەقە هاتوەتە نێو مێژو و بەم شێوەیە دوژمنایەتی رژیمە ئێستبدایەکان و نیمە ئێستبدادیەکانی پاشماوەی سەردەمی فیودالی لەگەڵی، جێگای سەرسورمان نییە.

لەمە گاڵتەجاریتر، دەستێوەردان و دەخاڵەتی بێ جێی برێک لە هەڵبژێردراوان و نانخۆرانی سیستەمە حاکمە سەرەڕۆکان، بەتایبەت فەرماندە سەربازی و ئەمنیەکانە کە جاروبار بە ون کردنی جێگای راستەقینەی خۆیان، لە بابەت ئەمنیەت و سەربەخۆیی، رای خۆیان دەسەپێنن و تەکلیف بۆ خەڵک دیاری دەکەن.

سەربەخۆیی، ئەمنیەت، قازانجی نەتەوەیی و بابەتەکانی وەک ئەمانە هەر هەمو ماف و بەرژەوەندی خەڵکن و ئەرک و پاراستنیان، ئەرکێکە کە لە لایان خەڵکەوە بە دەوڵەت سپێردراوە. کەواتە دەسەڵتداران ناتوانن و بۆیان نیە لە بەرەیوە بردنی ئەم ئەرکەدا، خۆیان بە خاوەن ماف، یانی خەڵک بزانن؛ وە بە بیانوی ئەنجام دانی ئەم ئەرکە، خودی خاوەن ماف کە خەڵکە لە ماف و قازانجی خۆیان بێبەش بکەن. مانای ئەم وتەیەی روسو کە حاکمان نانخۆری خەڵکن، نە خەڵک نانخۆری حاکمان، هەر ئەمەیە.

وەکیل و محامی یان نوێنەر دەسەڵاتی خۆی لە ئەسڵ و موەکلی خۆی وەردەگرێ و لە راستیدا خاوەنی هیچ ماف و دەسەڵات و ئێختیارێک نیە. کە وایە هیچ وەکیل و نوێنەرێک لەوانە دەوڵەت، ئەم توانایی و دەسەڵاتەی نیە کە بۆ خەڵک و خاوەن ماف تەکلیف دیاری بکا. هەڵبژێردراوی خەڵکە و ئەرک و مەئموریەت بەرێوە دەبا، نەک بریاردەر و تەکلیف دانەر و حوکم کردن.

مافی خەڵک لە پێناسە و تەفسیری مانای سەربەخۆیی و ئەمنیەت و دیاریکردنی ئاستی ئەم مافە، مافێکی دیاریکراو و خاوەنداره، بالام دەسەڵات یان ئیختیاری حاکمیەت لەم زەمینەیەدا دەسەڵاتێکی ئەمانەتی و راسپێردراوە. لەم رووەوە دەسەڵات ناتوانێ لەم بارەیەوە خۆی لە جێی خەڵک دابنێ.

کاتێک دەسەڵاتێک بە بیانوی پاراستنی سەربەخۆیی وڵات، رێگری ئازادی و دیموکراسی بیت و لە هەوڵی پێشێل کردن و وەرگرتنەوەیدا بێ، بە مانای حاکم بونی ئەم فەرزەیە کە میلەتێک لە خۆیدا نیشتمان فرۆش و لە هەوڵی پێشێل کردنی سەربەخۆیی وڵاتدان، وە ئەگەر لێیان گەرێن، ئەگەر کونترۆڵ نەکرێن سەربەخۆیی وڵات دەکەوێتە خەتەر. ئەگەر ئەم فەرزە پەسەند و راست بێ، ئەوکات دەبێ بۆ ئەم پرسیارە وڵامێک بدۆزینەوە کە دەسەڵات خۆی لە کوێ و لە چ مەرجەعێک بێجگە لە خەڵک پێوەری سەبەخۆیی وڵاتی هێناوە و ئەرکی پاراستنەکەی دژ یان بەرانبەر بە خەڵک بەدەست هێناوە؟

ئەو رژیمە سەرەرۆانەی کە خواستی ئەم ئیدیعا پوچە دەکەن، فەرامۆشی دەکەن کە خۆیان نوێنەری هەر ئەم خەڵکەن و ئەگەر شتێک بەناوی بەرژەوەند و قازانج و سەربەخۆیی نەتەوەیی هەبێ کە دەبی بپارێزریت، هین خەڵکە، نەک هینی حاکمەکان و دەوڵەتەکان. دەوڵەتەکان و حوکمڕانەکان تەنیا بە متمانەی ئەوەیکە لە لایان خەڵکەوە نوەێنەرایەتیان پێدراوە دەتوانن بە نوێنەر و ئەرکداری پاراستنی سەربەخۆیی وڵات بناسرێن.

بە پێچەوانەوە، دیموکراسی و سەربەخۆیی نەک هەر دژ بە یەک و رەدکەرەوەی یەکتر نین، بەڵکو پێکەوە پەیوەندیی زاتیان هەیە. لە نیگای حەقیقەت بینیەوە، ئازادی و دیموکراسی چەمکیکە کە لە پەیوەندی نێوان تاک و دەسەڵاتدا مانا دەدا و لەم رووەوە بەستراوەتەوە بە ناوەرۆک و سروشتی دەسەڵاتەوە. لە لایەکی ترەوە چونکە تاکەکانی یەک نەتەوە لە پەیوەندی دەروەدا خۆشیان راستەوخۆ و سەربەخۆ بەشدارنین، وە دەسەڵاتەکان وەک نوێنەرانی میللەتەکان لە پێکهاتنی پەیوەندیەکانی وڵاتێک لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بەشدارن، سەربەخۆییش بابەتێکە کە بە کردەوە لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی وڵاتێک لەگەل وڵاتانیتر یان دامەزراوە نێونەتەوەییەکاندا مانا دەدا. لەم رووەوە چەند و چۆنیی سەربەخۆیی وڵاتێکیش بە کردەوە بە سروشت و ناوەرۆکی رژیمی دەسەڵاتدارەوە بەسراوەتەوە.

پەیوەندیی زاتیی ئەم دوو چەمکە یانی ئازادی و سەربەخۆییش پێکەوە رەنگدەرەوەی کاریگەریی دیاریکەری هەر ئەم هۆکارە، یانی ناوەرۆکی چینایەتی و سیاسیی سیستەمەی حاکمی ئەو وڵاتەیە، لە هەردوکی ئەمانەدا. هەڵسوران و کردەوەی ناوخۆی دەوڵەت، یانی پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ میللەت، ئاست و حدودی ئازادی و دیموکراسی دیاری دەکا، وە هەڵسوران و کارکردی دەرەوەی دەوڵەت، یانی پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، سیاست و حدودی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە دیاری دەکا. لەبەر ئەوەیکە ئەم دوانە، یانی ئازادی و سەربەخۆیی لە راستیدا دو جۆر کارکرد، یان رەفتاری دەرونی و دەرەوەی یەک قەوارەن یانی دەوڵەت، وە هەردوک رەنگدەروە و بەرهەمی سروشت و ناوەرۆکی تایبەتیی دەوڵەتە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، لە نێوانیاندا پەیوەند و وابەستەیی زاتی هەیە. ئەگەر ناوەرۆکی دەوڵەت ناخەڵکی و نا دێموکراتی بێ، سیاسەتی دەرەوەشی دژی خەڵکی دەبێ. دەسەڵاتی سەرەرۆ کە لە سیاسەتی ناوخۆی خۆیدا خەڵک سەرکوت دەکا، لە سیاسەتی دەرەوەشیدا بە پێچەوانەی قازانجی خەڵکە و بەم شێوەیە بە پێچەوانەی سەربەخۆیی وڵات هەڵدەسورێت و بەرێوە دەچێت. چونکە مانای سەربەخۆیی بە کردەوە شتێک بێجگە لە حاکمیەتی ئیرادەی خەڵک و قازانجی نەتەوەیی و خەڵکیی وڵاتێک هیچیتر نییە. لە ئاوا هەلومەرجێکدا گرفت تەنیا ئەوە نیە کە مەسەلەی سیاسەت و کردەوەی دەرەوەی دەوڵەت لەگەڵ قازانجی نەتەوەیی و خەڵکدا ناتەبایە، بەڵکو بە هۆی نەبونی دیموکراسی و ئازادی، لە راستیدا مەجالی بەرز بونەوە و دەربرینی ئیرادەی خەڵک بونی نیە. کە وایە مەجالی کاردانەوە و پێناسەی سیاسەتی سەربەخۆی دەرەوە پێک نایەت. کاتێک ناوەرۆکی پەیوەندیی دەرەوە و سیاسەتی ناوخۆی وڵاتیک بە پێچەوانەی قازانجی خەڵک بێ، دیارە کە جێگای پەسەندی خەڵک نابێ. لە ئاوا حاڵەتیکدا دەسەڵات تێدەکۆشێ بە بێ ئاگاداری و چاوەدێریی خەڵک، لە بارەیەوە بریار بدا و بە بێ ئاگاداری و چاوەدێریی خەڵکیش بەریووەی بەرن، هەرجەندە هەموی ئەمانە لە گیرفانی خەلک دەدرێ. بەم شێوەیە لەم جۆرە دەسەڵاتانەدا بریارە گرنگ و حەساسەکان لە بواری سیاسەتی دەرەوەش لە پشتی دەرگا داخراوەکان، لە ناوەندە سەربازیەکان و دەزگاکانی زانیاری و بە بێ را و ئاگاداریی خەڵک یانی خاوەنانی ئەسڵیی ماف دیاری دەکری، وە خەڵک تەنیا کاتیک

لەو شتانە کە ساڵانێک لە ئارادا بوە ئاگادار دەبێ، کە گەندەڵیەکانی ئەم جۆرە رژێمانە توشی رسوایی بوبێ لە دنیادا و لە دەرەوەی سنورەکان ئاشکرا بوبێ.

ئەم جۆرە حکومەتانە لە بە فێرۆدان و پێشێل کردنی مافی خەڵک و سات و سەودا بەسەر ئەم مافەوە بۆ دابین کردنی قازانجی گوروپی یان چینایەتی خۆیان خۆ ناپارێزن. وە بۆ پتەو کردنەوەی جێ و شوێن و بەرژەوەندی خۆیان زیاتر مایل بە مەعامەلە کردن لەگەڵ هێزە دەرەکیەکانن تا نەرمی نیشاندان بەرانبەر بە خەڵکی خۆیان و گەرانەوەی مافی زەوت کراوی ئەو خەڵکە بۆ خۆیان.

بەم شیوەیە ئەو رژیمانەی کە بە هۆی سروشتی دژی دێموکراتیکی خۆیان لە ناوەوەی وڵات و لە ناو خەڵک شەرعیەت و پشتیوانی و پێگەیان نیە، بە هەراج کردنی سەربەخۆیی و سامان و قازانجە نەتەوەییەکانی وڵات، لە دەرەوەی وڵات دەکەونە هەوڵی پەیدا کردنی پشتیوان و ئەوەیکە لە خەڵکی خۆیان دزیوە، لە قاڵبی باج و یان حەقی بێدەنگی بە هێز و حکومەتە دەرەکیەکانی دەدەن.

لەبەرانبەردا لە دەسەڵاتێکی دیموکراتیک دا کە بەرێوەبەری خواست و ئیرادەی خەڵک بێ و رێباز و سیاسەتی لە قازانجی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتبێ و پەیرەویی لێ بکا، کردەوە و سیاسەتی دەرەوەشی بە شێوەی سروشتی هەڵقوڵاو لە هەمان قازانجی خەڵک و لە ژێر چاوەدێریی دێموکراتیک، یانی بە ئاگاداری و بریاری خەڵک یان نوێنەرانی راستەقینەی خەڵک دەبێ.

بەم شێوەیە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە باس کرا، بۆ دابین بونی سەبەخۆیی وڵات گرانتی و زەمانەتێکی دڵنیاتر لە دیموکراسی وجودی نییە؛ وە دەسەڵاتێک کە لە ناوخۆدا سەکوتگەر و ئازادی کوژە، لە بواری دەروەشدا ئەهلیەت، متمانە و توانایی دابین کردنی سەربەخۆیی وڵات یان پاراستنی نابێ. ئەو شانوگەری و نمایشانەش کە ئەم جۆرە دەسەڵاتانە لە سەرکەوتنی خۆیان لە بواری دەرەوە دەیدەن، بە زۆری ئەو لاف و گەزافە پوچانەیە بۆ سەرپۆش دانان بەسەر ئەو باجانەدا کە لە سەروەت و سامانی خەڵک و کۆمەڵگا، وە بۆ پاراستنی خۆیان، بە بێگانەکانی دەدەن. حاکمیەتی دژی دێموکراتیک بە حوکمی ناوەرۆکی خۆی بە ئاراستەی مامەڵە لەسەر سەربەخۆیی وڵات دەچێتە پێش، چونکە کاتیک خەم و پەرۆشی حاکمیەت ئیتر قازانجی خەڵک نەبێ، دیارە هیشتنەوە و راگرتنی خۆی لە دەسەڵات و پاراستنی گوروپ و چینێک کە نوینەرایەتی لە ئەستۆیە، دەبێتە ئامانجی سەرەکیی و لەم رووەوە بۆ بەدەست هینانی پشتیوانیی بێگانە سەر وسامان و سەربەخۆیی وڵات هەراج دەکا.

نەبونی ئازادی و دێموکراسی، لە ریگایەکی تریشەوە سەربەخۆیی وڵات دەخاتە مەترسی: نا ئومید بونی خەڵک لە دەسەڵاتە دژی ئازادیەکان، رۆحی شکست خوازی لەواندا پەرە پێ دەدا و بواری قەبوڵ کردنی دەستێوەردان و سوڵتەی هێزە بێگانەکان لە جەماوەری خەڵکدا پێک دینی. یەکێک لە دوایین نمونەکانی ئەم دیاردەیە، شادی و هەڵپەرکیی خەلکی عێراق لە کاتی هاتنی هێزە ئەمریکی و ئینگلیسیەکان بۆ شارەکانی ئەم وڵاتە بوو. لە ئێرانیش ئەم دیاردەیە لە زۆر قۆناخی مێژو دا روی داوە.

حاکمیەتەکانی ناوخۆی ئێران هێندە ستەمکار و ئازادی کوژ بون، خەلکی ئیران لە زۆر دەورانی مێژوی خۆیاندا چاوەروانی رزگاری دەرێکی بێگانە بون تا لە شەری حاکمانی سەرەرۆی ناوخۆ- یان لە جاروبار لە حاکمی بێگانەی پێشو- رزگاریان بی. هاوکاری و یارمەتیدانی خەلکی ئیران بە داگیرکەرانی بێگانە لە کاتی هیرشی عەرەبەکان بۆ ئیران کە دروشمی بەرابەری و برایەتییان دەدا، سەربەخۆیی ئیرانیان دا بە با و چەندین سەدە خستیانە ژێر ئێستبداد و سوڵتەی نەگبەتباری ئومەییەکان و عەباسیەکان.

بەم شێوەیە لە زۆر قۆناخی تری میژودا عاملی لەدەست چونی سەربەخۆیی وڵات، خودی حاکمیەتە ئازادی کوژەکانی ناوخۆ و ئاکامی سرەرۆیی ئەوان بوە. لە رۆژە سەختەکان و کاتە گرنگەکاندا کە حاکمیەتەکان لە لایان هێزە خارجیەکانەوە دەکەونە ژێر فشار، تنیا پشتیوان و پاڵپشتێک کە بە پشتیوانی ئەو دەتوانرێ بەرانبەر خەتەر راوەستین، پشتیوانیی جەماوەری خەلکە. بەڵام رژیمە ئازادی کۆژ و دژی دێموکراتیکەکان، لەم پشتیوانییە دیاریکەرە لە رۆژانی خەتەردا بێبەشن.

بەم شێوەیە لە زۆربەی ئەو قۆناخانەدا کە سەربەخۆیی نیشتمانی ئێمە کەوتوەتە خەتەر، یان کەوتوەتە بەر هیرش، بەرپرسایەتی مێژویی ئەم کارە لە ئەستۆی رژیمە سەرەرۆکان و ئازادی کۆژی ناوخۆ بووە و هەیە.

ماڵپەری ئەمرۆ

==========================================================================

# ئیسلام و دیمۆکراسی

د. حوسێن خەلیقی




ئیسلام شۆراوەی ئایینە گەورەکانی رەگەزی سامییە و وەک ئەوانی دیکە لەو شوێنە سامییەکانی تێدا دەژین، سەریهەڵداوە. سامییەکان لە درێژایی مێژوودا خاوەن کولتوری تایبەت بە خۆیان بوون و بە شێوەی خۆیان و بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە جیهان راماون و جیهانیان خوێندۆتەوە. هەرچەند کۆمەڵە مرۆڤەکان لە گشت جیهان و لە گشت کۆمەڵگەیەکدا بەپێی سروشتی مرۆڤ بوون، خاوەن هەندێک بیر و رەفتاری هاوبەشن، سەرەرای ئەوە هەر کۆمەڵ و رەگەز و قەوم و نەتەوەیەک، شتی جیاوازی خۆی هەیە و هەر ئەم جیاوازییەشە کە نەتەوە و رەگەزەکان لێک جیادەکاتەوە و لەسەر ئەو بناخەشە دەسەڵاتی نەتەوەیی بە مۆرکی نەتەوایەتییەوە پێکدێ.

هەر جۆرێک بێ، لە پێشدا بە پێچەوانەی بۆچوونی باو کە کولتور لە داب و نەریت و رێورەسمەکاندا کورت دەکاتەوە، ئاماژە بەوە پێویستە کە کولتور، داب و نەریت و فەلسەفە، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، رەوشت و گشت زانستە سروشتییەکان دەگرێتەوە. هەر بۆیە بۆ نموونە دەتوانین بە جیاوازی زەقی نێوان دوو کولتوری دوو ناوچە و رەگەزی گەورەی جیهان ئاماژە بکەین:

سامییەکان لەسەر ئەو بروایە بوون و هەن کە جیهان یەکجۆرە، خوڵقێنەر یان خودا یەکە، گوێ بەهێزترین هەستە و مێژوو لەسەر هێڵی راست دەروا. کەچی هیند و ئورووپاییەکان

بەپێچەوانە پێیان وایە جیهان جۆراوجۆرە، خودای جۆراوجۆر هەیە، خودا دەتوانێ ببێتە مرۆڤ و مرۆڤیش دەکارێ ببێتە خودا و لەسەر وتنی رستەی "من خودام" کەس جەستەی حەللاج دووبارە ناداتەوە لە سێدارە. هەروەها چاو بەهێزترین هەستە و مێژوو بازنەیە. واتا کاتێک دیاری نەکراوە بۆ سەرەتا و کۆتایی جیهان. لە کولتوری یەکەمدا خودا لە کاتێکی دیاریکراوەوە جیهانی ئافراندووە و ئەمەش سەرەتای مێژوویە و کاتێکیش (رۆژی هەستانەوە) کۆتایی پێدێ، خودا لە رۆژی دەستپێکەوە تا کۆتایی، بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر جیهان و رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا چاوەدێری دەکا و نامەی رەفتاری مرۆڤ دەنووسێ و لە رۆژی هەستانەوەدا پاداشتی رەفتارەکان و شێوە بیرکردنەوەکانی دەداتەوە یان بەو پێیە سزای دەدا. هەر بۆیە گۆشکراوەکان بەو کولتورە، لەوەی خودای بێ هاوتا لە رێگای گوێچکەوە بە پەیامبەرانی خۆی راگەیاندووە، پێرەوی دەکەن و بناخەی پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ کوڕ و کۆمەڵ و کەسانی دی لەسەر کۆڵەکەکانی ئەو فەرمانانە دادەنێن کە لەو رێگایەوە وەرگیراوە.

لەم روانگەوە مرۆڤ دەبێ خێر و چاکە بۆ رۆژی دوایی و هەرمان لەسەریەک بنێ و پاشەکەوتی بکا و بۆئەوە بتوانێ لەو جیهانەدا خۆشبەخت و خۆشرابوێر بێ، پێویستە دەقاودەق فەرمانە هاتووەکانی خودا و بیسراو لە گوێچکەوە، بەرێوەبەرێ. لەم روانگەدا دوای دەرچوونی گیان لە لەش، دەستبەجێ ژیانی هەتاهەتایی دەسپێدەکا و مرۆڤ بە پاداشتی رەفتاری خۆی دەگا.

لە کاتێکدا لە کولتوری هیند و ئوروپاییەکاندا دیتن، تێروانین، تێرامان و لێکۆڵینەوە و ئاکام وەرگرتن و بەری ئەم تێکۆشانە دەکرێنە بەردی بناخەی هەڵوێست و رەفتار و بەم جۆرە هەستی مرۆڤ و پاراستنی بەرژەوەندی و مرۆڤناوەندی و نرخاندن بۆ ماف و ژیانی مرۆڤ سەروکاری هەیە و لەو کولتورەدا رەزامەندی خودا ئامانجە و لە ئەمیاندا ئاسایشی مرۆڤ. هەر بۆیە لە کولتوری سامی ئیسلامیدا، دەقی قورئان و حەدیس (واتا رەفتار و گوفتار و بێدەنگی پەیامبەر لە بەرانبەر داب و نەریت یان رەفتارێکەوە) وەک رێشە پەیرەو دەکرێ. ئەوەی خودا دەبێژێ راستە و پێچەوانەکەی ناراستە و ئەوەی خودا دەیکا و بریاری لەسەر دەدا، بۆ پەیرەوکردن شیاوە و کەس مافی ئەوەی نییە گومان لە بریار و ئەرێ و نەرێیەکانی ئەودا بکا یان پرسیار لە کارەکانی خودا بکا. دوایی پەیامبەر دەقی ئەم فەرمانە لە لایەن فەقێ یان زانای پلەبەرزی ئیسلامییەوە بە پەیرەو و خاوەن بڕواکان رادەگەیەنێ. هەربۆیە مرۆڤی ئەو رێبازە بە فەرمانی ئەو زانایە گیانی خۆی بۆ سەرکەوتنی ئەو رێبازە و گەیشتن بە خۆشی جیهانی هەرمان، فیدادەکا.

دوای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لەسەر بنەمای کولتوری سامی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دوورگەی عەرەب و کۆکردنەوەی قورئان و رێکوپێک کردنی حەدیس و شیکردنەوەی دەقەکان و پێکهێنانی فەقێی ئیسلام، لەبەر بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی ئیسلام و بەرەورووبوون لەگەڵ قەوم، گەل و نەتەوە و کولتوری جۆراوجۆری دیکە بە پێکهاتەی کۆمەڵی جیاوازەوە، ئیسلامناس و زاناکانی ئیسلام ناچاربوون شێوە سازانێک لەگەڵ ئەو خەڵکە جیاوازانە لەبەرچاو بگرن، چونکە زۆر لەو داب و نەریت و هەڵسوکەوتانەی خەڵکی جۆراوجۆری دوورگەی عەرەب کە بەشێک لە فێقی ئێسلام پێکدێنن و هەروەها دەقەکانی قورئان کە لە پێوەندی لەگەڵ رووداو و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کاتی ئەو کۆمەڵەدا بە گوێی پەیامبەر راگەیندرابوون، لەگەڵ کولتوری ئەو خەڵکانە دەقاودەق نەدەهاتنەوە. ئەم گرفتە لە سەرەتاوە لە لایەن دەسەڵاتدارەکانی ئیسلامەوە بە دانانی سێ جێگر چارەسەر دەکرا: یەکەم مل دانواندن بۆ ئیسلام و پەسندکردنی ئەو کولتورە. دووەم دانی جزییە یان باج و پیتاکی دیاریکراو. سێیەم ئامادەبوون بۆ شەڕ. دواتر کە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچە داگیرکراوەکاندا داسەپاند، بە هاتن و وەرگێڕانی فەلسەفەی یونان بە هۆی دیانەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندانەوە بۆ نێو جیهانی ئیسلام، بە هزر و هۆش رەفتارکردن لەگەڵ شێوە پاراستنێکی دەقەکان لە فەرهەنگی ئیسلامدا، بوو بە باو و وەک دیاردەیەکی نوێ سەرهەڵدانی "عەقڵانییەت" هاتە ئاراوە و بەرەبەرە کێشە لەسەر عەقڵانی کردنی دەقەکانی شەریعەت لە نێوان هۆشخوازەکان و شەریعەتخوازەکاندا وەک موعتەزێلە و ئەشعەرییەکان و لایەنگرانی پاراستنی مووبەمووی دەقەکانی قورئان و حەدیس هاتە ئاراوە.

هەرچەند لەم بێنەوبەردەدا گەلێک فیلسوف و زانای وەک کوڕی سینا و کوڕی روشدی ئەندلسی و سوهرەبەردی کورد سەریان هەڵدا و هۆشیارانی لەگەڵ رەوا و نارەواکانی ئیسلام رەفتاریان کرد و باسی خودا و فەلسەفەی دانانی شەریعەت و هۆیەکانی رەوا و نارەوا بوونیان شیکردەوە، بەڵام دواتر بە هۆی گوشاری لایەنی شەریعەتخوازەوە بۆ ماوەیەکی زۆر فەلسەفە کەوتە ژێر پەردەی فتوای شەریعەتخوازییەوە و لەو پێوەندییەدا کوڕی روشدی ئەندلسی دوور خرایەوە بۆ دوورگەی لوسینای ئیسپانیا و تا نەمرد دەستیان لێهەڵنەگرت و بە فتوای شەریعەتخوازەکان و بە فەرمانی سەلاحەدینی ئەیوبی، زاهیرشای کوڕی لە حەڵەب فیلسوفی کورد شەهابەدینی سوهرەبەردی خەڵکی ناوچەی بیجاڕی بە تاوانی عەقڵانی کردنی شەریعەت، کوشت.

هەرچەند لەو سەروبەندەدا جۆرە عیرفانێکی ئیسلامیش سەریهەڵدا و تا رادەیەک جۆرە سازگارییەک لەگەڵ ناموسوڵمانەکاندا بەهۆی تێکۆشان بۆ خاوێن کردنەوەی دەروون لە هەوەس و مەزنیخوازی پێکهات کە بە جۆرێک دەکرێ بە "کۆمەڵی مەدەنی سەرەتایی" ناودێر بکرێ، بەڵام نوێخوازانی لەو چەشنە کەوتنە ژێر تەوژمی شەریعەتخوازانەوە. دیارە لەم کولتورەدا وەک ئاماژەم پێکرد، خودا ئافرێنەرە و ئەوە کە بەرژەوەندی و چاکە و خراپەی ئافرێندراوەکانی دیاری دەکا و مرۆڤی خاوەن بڕوا دەبێ هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵ و گرفتی جۆراوجۆر بەپێی فەرمان و رەوا و نارەوا بوونێکەوە رێکوپێک بکا کە وەک وترا لە رێگای گوێچکەکە بە پەیامبەر گەیشتووە و بەو شێوە گوترا بنەماکانی فەقێیی ئیسلامی پێکهاتووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کورتە باسە و بە دیاریکردنی چەمکە ناسراو و سەرەتاییەکانی دیمۆکراسی، دەکرێ بێژین کولتوری سامی بە تایبەت پشتی لە دیمۆکراسییە، چونکە یەکەم لە دیمۆکراسیدا مرۆڤ ناوەندە و هەموو شتێک لەپێناوی پاراستنی ئازادی و ئاسایشی مرۆڤدا دەبێتە خاوەن نرخ، لە کاتێکدا لە ئیسلامدا خودا ناوەندە و هەموو شتێک بۆ وەدەستهێنانی رەزامەندی خودا چێ دەبێ. دووەم، لە دیمۆکراسیدا مرۆڤ لە پەرستش یان پەرستش نەکردندا و هەروەها لە لەبەرکردنی جولبەرگی جۆراوجۆر و خواردن و خواردنەوە و رەفتاری خۆیدا بە مەرجێک بە ئازادی کەسانی دی زیان نەگەیێنێ، ئازادە؛ لە کاتێکدا لە ئیسلامدا جلوبەرگ لەبەرکردن خاوەن قەوارەیەکی دیاریکراوە، جۆری خواردن و خواردنەوە دیاریکراوە و بەپێی دەقی قورئان "ئەو کەسەی بێجگە لە ئایینی ئیسلام دینێکی دی هەڵبژێرێت، لێی قەبووڵ ناکرێ"، واتا کەس لە هەڵبژاردنی ئاییندا ئازاد نییە و ئەوەی لە ئیسلام وەرگەڕێ، دەبێ بکوژرێ. سێیەم، ژن لە دیمۆکراسیدا مافی وەک پیاوی بۆ لەبەرچاو گیراوە و لە ئیسلامدا هەم نیوە مافی هەیە و هەم هەڵسوکەوتی بە باوک و برا و مێردەکەیەوە گرێدراوە و چوارەم لە دیمۆکراسیدا دەسەڵات و کۆمەڵ لە بەرانبەر ژیانی ماددی و مەعنەوی تاکەکەسەکان و بنەماڵەکانەوە بەرپرسیارن و دەبێ لانیکەمی ژیانێکی شیاوی پلەی مرۆڤایەتییان بۆ دابین بکەن، کەچی لە ئیسلامدا بە دابەشکردنی خودا هەندێک رۆزی زۆر و زۆرترە و هەندێک کەم و کەمترە بۆ ئەوە هەندێک بتوانن هەندێکی دیکە بخەنە ژێر سوخرەوە.

سەرەڕای گشت ئەمانە، بە بۆچوونی ئیسلامییەکان، دیمۆکراسی، مرۆڤ یەک مەودایی یان یەک لایەنە واتا ماددی پەروەردە دەکا و وای لێدەکا زیاتر گرنگی بە لایەنی ماددی ژیان بدا و هەمیشە لە بیری خۆشی و رابواردندا بێ و لایەنی مەعنەوی خۆی دەخاتە پشت گوێ. لەبەر ئەوە لە ئایینە گەورەکاندا بە تایبەت لە ئیسلامدا، مرۆڤ لە دوو بەشی ماددە و رۆح پێکهاتووە و رۆحی ئەو لایەنی خودایی هەیە و هەمیشەییە. ئەو کۆمەڵەی ئەم بەشە لە بوونی خۆی وەلادەنێ، لایەنی خوداپەرستی و مەعنەوی خۆی وندەکا. ئەوکات بەشە بەرز و پیرۆزەکەی خۆی لەدەست دەدا و لە شتە پیرۆزەکان وەک خودا، رۆح و مرۆڤە پیرۆزەکان نکۆڵی دەکا. بەم پێیە لە کۆمەڵگای دیمۆکراتیکدا، ئیسلام بەرەبەرە لاواز دەبێ و بەرەو نەمان ملی رێگا دەگرێتەبەر، وەک لە جیهانی دیاندا هاتە پێش. کەوابوو دیمۆکراسی و ئیسلام لە یەک کۆمەڵدا پێکەوە ناژین و پێویستە لە کۆمەڵدا یەکێکیان ببێتە خاوەن دەسەڵات و ئەوەی

خوازیاری مانەوەی بنەماکانی ئیسلامییە و لافی دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵ و پێکهێنانی کۆمەڵی مەدەنی لێدەدا، بێجگە لە فریودانی کۆمەڵانی خەڵک، شتێکی دیکەی لە باردا نییە.

لە لایەکی دیکەوە لە دیاردەی مۆدێرنیتەدا، هۆش لە درێژایی ژیاندا و بە تێکۆشان و تێڕامان و لێکۆڵینەوە لە دیاردە سرووشتی و کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵدەدا و شتێکی زاتی یان خودابەخشی نییە و گەشەکردنی بە ڕادەی تێکۆشان بۆ گەیشتن لە هۆی ڕووداوەکان ئاکامی ئاوێتەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێوەندی هەیە. لە کاتێکدا لە فەلسەفەی ئیسلامدا هۆشی مرۆڤ دیاردەیەکی خودایی و بەرهەمی تیشکدانەوەیە، بەری هۆشی تێکۆشەر یان "عەقڵی فەعال"ە. غەزالی دەبێژێ: "زانست ڕووناکییە خودا دەیخاتە دڵی ئەو کەسەوە پێیخۆشە".

لە ڕوانگەیەکدا کە هۆش بەرهەمی تێکۆشان و تێڕامان و لێکۆڵینەوە نەبێ، ناتوانێ باری ژیان لەبار بکا و ببێتە پێوەری چاکە و خراپە و ڕێپیشاندەر. کەوابوو پێکهێنانی کۆمەڵی عەقڵانی لەو بۆچوونەدا نەک هەر گونجاو نییە، بەڵکو هۆش ڕێی تێناچێ هەوارگەی ژیان بدۆزێتەوە و ئەوە سەرچاوەی هۆش، واتا خودایە کە ڕێپیشاندەرە و سنوور بۆ گوفتار و ڕەفتاری بەندەکانی خۆی دادەنێ. واتا هۆشی لاواز و بە خێرۆمەندگەیشتوو تەنیا بۆ ئەوەیە تێبکۆشێ فەرمانی سەرچاوەی هۆش بەڕێوە بەرێ، نەک ڕچەی ژیان بشکێنێ و یاسا بۆ ژیان دابنێ. ئەم کارە گرنگە لەسەر هۆشی بەرز، واتا خودایە و کەس بە ئەندازەی ئەو بەرژەوەندی بەندەکانی ئەو ناپارێزێ و ناتوانێ ڕادەی دیاری بکا.

سەرەڕای ئەمانە، واتای وشەی ئازادی لە فەرهەنگی سامیدا لەگەڵ واتای ئەم وشە لە فەرهەنگی هیند و ئورووپاییدا، گەلێک جیاوازە. لە فەرهەنگی ئیسلامیدا مرۆڤ ئازاد نییە دوو خودا پەرستش بکا. ئەگەر بیانووی نەبێ ناتوانێ فەرمانە پێویستەکانی ئایین بە دڵخوازی خۆی بەڕێوە ببا، کەچی لە کولتووری دووەمدا کە سەری لە دیمۆکراسییەوە وەدەرناوە، خۆی لەسەر بەندەگیکردن و ئەنجامدان و ئەنجام نەدانەکان، بڕیاردەدا و بە پێچەوانەی ئەوی دی کەس ئەو مافەی نییە "بیکە و مەیکەی" پێ بێژێ.

## ئیسلام و دیمۆکراسی [بەشی دووەم و کۆتایی]

لە وتاری پێشوودا بە هەندێک خاڵ لە پێوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام و دامەزراندنی بناخەی شەریعەت و ڕێکوپێک کردن و شێوەی چارەسەرکردنی گرفتەکان و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ فەلسەفە و عیرفاندا ئاماژەم کرد و نەگونجاوبوونی دەقەکانی ئەو ئایینەم لەگەڵ دیمۆکراسیدا دەسنیشان کرد. لەم بەشەدا دەخوازم لەسەر مامەڵەکردنی بەشێک لە خۆبەمیراتگرانی پەیامبەر، واتا زانایانی ئیسلام لەگەڵ دەقەکانی ئایین و شێوەی دەقاوەدەفکردنی ئەو دەقانە لەگەڵ بوویەر و گرفتە کۆمەڵایەتی و مرۆڤی و ئابووری و مافییەکان، بەتایبەت چەمکی ئازادی، هەندێ ڕاوەستم.

لە بەشی یەکەمدا بەوە ئاماژەم کرد کە بە هاتنی فەلسەفەی یونان و بە گشتی میراتی کولتووری یونانی/ ڕۆمی و گرێدانی بە بیرۆکەی نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات و نرخ و چەمکە ئیسلامییەکان، ئەرێ و نەرێ و بڕیارەکانی هاتوو لەلایەن پەیامبەری ئیسلامەوە، بە هۆی ڕووناکبیران و فەلسەفەزانەکانەوە، خاوەن بڕواکانی ئەو ئایینە بەرەو قۆناخێک ملی ڕێگایان گرتەبەر کە دەکرێ پێی بگوترێ "عەقڵانی کردنی بڕیار و ڕەفتارەکانیان". ئەمەش کاتێک لەگەڵ جۆرە عیرفانێکی تێکەڵاو لە عیرفانی هیندی و ئێرانیدا لێک گرێدرا، توانای پێکەوەژیانی لەگەڵ نائیسلامییەکان و پەیڕەوانی ئایین و ڕێبازەکانی دی بەهێز کرد و بێجگە لە سەرەتاکانی پەرەسەندنی ئیسلام لەو پێوەندییەدا، پێکدادان و توندوتیژی زۆر زەق و ڕووخێنەر بەرچاو ناکەوێ.

ئەو ڕەوتە بە بڕینی هەوراز و نشێوێکی زۆر و جیاوازەوە کە دەکرێ بگوترێ بەرهەمی شێوە بیرکردنەوە و فتوای هەندێک لە پێشەوا ئایینییەکان لە ڕێبازی جۆراوجۆری ئایینی ئیسلام بوو. تا سەرهەڵدانی بیری شیعەگەری بە چەکی داپڵۆسێنەری سەفەوییەکان کە بە زۆر لە سوننی و ڕێبازی و ئایینەکانی دیکە شیعەیان دەخوڵقاند و بەهۆی مەلا شیعەکانی لوبنانەوە بناخەی فەقێهی شیعەیان ئافراند، درێژەی هەبوو.

بێجگە لە شەڕی ڕێبازەکان لەسەر ڕەوابوون و ناڕەوابوونی ئەم یان ئەو و کێشەی قزڵباشی سەفەوی و پۆستاڵڕەشی عوسمانی، هەتا سەرهەڵدانی "وەهابیگەری" لە ڕێبازی سوننیگەریدا، شتێکی نوێ و خوێندنەوەی تازە لە ئیسلام نەهاتە ئاراوە. ئەوە بوو بەهۆی سیاسی و بە دەست تێوەردانی بێگانە و زلهێزەکانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و دەسەڵاتخوازیی هەندێک لە ڕێبەرە ئایینییەکان لە حیجاز خوێندنەوەیەکی نوێ یان ڕێنسانسێک لە ئیسلامدا هاتە ئاراوە و وەهابیگەری و "اخوان المسلمین" وەک گۆیا شۆڕشێکی نوێ لەو ئایینەدا خۆیان بەسەر کۆمەڵگای ئیسلامی لە فەلسەفە، تەقە و لێکدانی نێوان ئەو جۆرە موسوڵمانانە و ئیسلامی سوننەتی و نائیسلامییەکان گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی.

ئەوان وەک نوێنەری ئەو ڕێباز یان ئایینە نوێیە لەگەڵ هەر نوێخوازی و بیرۆکەیەکی جیاواز لە دەقەکانی ئیسلام، ململانێیان دەستپێکرد و بە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی ئیسلامی، ئەو بۆچوونە وەک تاکە ڕێگا بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات، پەیڕەوکراو و لەگەڵ بیرجیاوازان باری شەڕیان ڕاگەیاند؛ کار گەیشتە ئەو جێگایە کە لە مەڵبەندەکانی ئیسلامدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بە وتەی خۆیان "ئیسلامی پاقژ لە پڕوپوچ" و ئەو جۆرە موسوڵمان بوونەیان بە لادان لە ئیسلام لەقەڵەمدا.

هەر جۆرێک بێ، وەک وتم، بناخەی وەهابیگەری لە حیجاز و پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و بە مەبەستی جیاوازی دانان لە نێوان ئیسلامی سوننەتی و گۆیا ئیسلامی پاقژ لە پڕوپوچی، سەریهەڵدا. ئەویش بەو ئامانجە کە ئەم جیاوازییە ببێتە هۆی ئەوە پەیڕەوانی ئیسلامی پاقژ بتوانن لە شەڕ دژی سەربازەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کە بە پێی باو موسوڵمان بوون، بەشداری بکەن و زلهێزێکی وەک بریتانیا و فەرانسەی ئەوکات لەم بێنەوبەرەدا دەوریان هەبوو. کاری "اخوان الموسلمین" کە بریتی بوو لە بانگهێشتن و پێکهێنانی دەوڵەت، لە پەنجاکانەوە لە عێراقەوە دەستپێکرد. گۆیا لەم ڕێبازەدا تێدەکۆشرێ ئیسلام وەک ئیدۆلۆژی پێناسە بکرێ بۆ ئەوە واتا و چەمکەکانی ئایین بکرێتە ناخ و دەروونی خاوەن بڕواکاندا و لە چوارچێوەی هەندێک فەرمانی ئەرێ و نەرێ بترازێن. ئەوان، کۆمەڵی خۆیان وەک قەڵایەکی پتەو سەیر دەکەن و ئەوەی لە دەرەوە بێ، وەکو سارایەکی پڕ لە جروجانەوەر دەبینن کە پێویستە بە پێی فەرمانەکانی ئەو ئیسلامە پاقژەی سەرەتاکانی ئیسلام، مامەڵەی لەگەڵ بکەن. هەر بۆیە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دیاردە دەرەکییەدا پێویستە ڕێکخراوی سیاسی پێکبێ. ئەرکی ڕێکخراویش تەختکردنی ڕێگا و لابردنی هەر لەمپەرێکە کە بریتییە لە بیرجیاوازی نوێخواز یان موسوڵمانی سوننەتی.

وەک ئاماژە کرا، ئەمەش بۆ پێکهێنانی دەوڵەت کەڵکی لێوەردەگیرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کورتە بۆچوونە، مەودای بەرینی نێوان دیمۆکراسی و بەتایبەت ئیسلامی لەم چەشنە، ئاشکراتر دەبێ، چونکە دیمۆکراسی بە بڕیاردانی بەکۆمەڵەوە پێوەندی هەیە و نیشاندەری ئەو ئامانجەیە کە بڕیارەکان وەک کۆ، نەک تاکەکەس (چ خودا و چ سەرکردە) شوێن لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵ و گۆڕانکارییەکان دادەنێ. واتا پێویستە بە بیر و ئیرادەی گشت تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بڕیار بدرێ و گشت ئەوان لەو پێوەندییەدا مافی وەک یەکیان هەیە. بە وتەیەکی دی، دیمۆکراسی واتا چاودێری گشتی بەسەر بڕیارە تێکڕاییەکاندا و بوونی مافی یەکسان بۆ کەڵک وەرگرتن لەم چاوەدێرییە. کەچی لە ئیسلامدا بە گشتی بڕیار و مافی بڕیاردان

بە تاکەکەس، واتا خودا یان جێگری ئەوە، وەلی فەقێ یان موفتییە. بێجگە لەوە دەسەڵاتێک کە لە ڕێگای ڕەوتی دیمۆکراسییەوە دیاری کراوە، لە جێدا بەرپرسیاری وەڵامدانەوە بە گیروگرفت و داخوازییەکانی خەڵکە، کەچی لە دەقی ئیسلامدا کەس مافی پرسیاری لە خودا واتا "تاکی بڕیاردەر" نییە.

لە دیمۆکراسیدا هەموو مرۆڤەکان لە باری مافەوە یەکسانن و کەس بۆی نییە بەهۆی بیری جیاواز، کەسی دی ناچار بکا بیری ئەو پەسند بکا و ئەگەر نەیکرد سزای بدا و ڕشتنی خوێنی بە ڕەوا بزانێ. وتمان ئەم کۆمەڵە ئیسلامییانە بەرەو سەرەتای ئیسلام بایان دایەوە و خوێندنەوەیەکی نوێشیان لەو ئایینە هێنایە ئاراوە. ئەم پاشگەرێیە و ئەم خوێندنەوە نوێیە سەری کێشا لای قرتاندن و لە مەیدان دەرکردنی دوو چەمکی "فەلسەفە" و "عیرفان" و کاریگەری ئەوان لە خۆڕێکخستن لەگەڵ ڕێبازی جیاواز و دۆخی سەردەمەوە و بە تەواوی لە بەرنامەی شیکردنەوەی دەقەکان و هاوئاهەنگ کردنیان لەگەڵ دۆخی تازە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و مافییەکان، دووریان خستنەوە. بە بۆچوونی خۆیان هۆی بنەڕەتی ئەم گۆرانکارییە بەردەوامبوونی ستەم و ستەمکاری لە دەسەڵاتدارەتی لە وڵاتە ئیسلامییەکان دایە.

لەم وڵاتانەدا کە بناخەی دەسەڵاتدارەتی لەواندا لەسەر سەرکردەی بنەماڵەیی یان پاشایەتی بە میرات گەیشتوو یان شێخ و شەیخوخەی خۆشگوزەران و دەوڵەمەند بە بارەگای فیرعەونی و حەرەمسەرا و کەرەستەی بەنرخی ژیان و خۆڕانان و داپڵۆسینەوە، دامەزراوە و لافی دادپەروەری ئیسلامییان لەسەر زارە یان لەسەر کاغەز، بێبەش و هەژار و پەککەوتەی بێ دەرەتانی وەهای بەرهەم هێناوە کە لانیکەم هەشتا لە سەدی دانیشتوانی گرتووەتەبەر. هەروەها لە بۆچوونی ئەم گروپانەدا هۆی ئەم چارەڕەشییە دەگەڕێتەوە بۆ هاریکاری وڵاتە زلهێز و پێشکەوتووەکان لەگەڵ ئەم ستەمکارە خاوەن دەسەڵاتانە کە بۆچوونێکی ناڕاست نییە. هەر بۆیە پێش ئەوە پەلاماری ستەمگەری خۆجەیی بدەن، لە هەوڵی تۆڵە ئەستاندنەوە لە یاریدەرانی ئەوان دان و ئەمەش بە ئیدۆلۆژیکردنی ڕێبازی ئایینی بەو جۆرە کە باسکرا، وا بیردەکەنەوە دەتوانن لەو بەربەرەکانێیەدا سەرکەون.

ئاکامی ئەم ڕەوتە بە لەبەرچاوگرتنی کێشەی بنەڕەتی نێوان دیمۆکراسی و ئیسلام، بەربەرەکانی ئاشکرای پەیڕەوانی ئەم ڕێبازانەیە لەگەڵ نوێ و نوێخوازی، یان مۆدێرنیتە و دیمۆکراسی. بەم جۆرە هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕێگا بە دیمۆکراسی و پرەنسیپەکانی بدا لە درگای وڵاتی بدا، دژایەتی لەگەڵ دەکەن و وڵاتەکەی لێ دەشێوێنن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: لە مەڵبەند و ناوچەیەکی لەو چەشنەدا کە خەڵکەکەی خاوەن بیرێکی وەهان و ڕێکخراوی وەها هەن تێدەکۆشن، ئەم دوژمنایەتی و ناتەباییە زەق بکەنەوە، پرنسیپەکانی دیمۆکراسی دەتوانن سەقامگیر ببن یان ببنە کولتور و لە ڕەفتاری ڕۆژانەی ئەندامەکانی کۆمەڵگای لەو چەشنەدا ڕەنگ بدەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر سانا نییە و تەنیا وەڵامی هۆشیارانە ئەوەیە لە ڕێگای گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و بووژاندنەوەی باری ئابووری و لابردنی مەودای بەرینی نێوان هەژار و دەوڵەمەند و داپڵۆسینی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان لە ناوچەدا، دەکرێ بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو بنێن. سەرەڕای ئەوە، پێوانی ئەم ڕێگاگەلە دژوارە، نیازی بە فیداکاری و پشوودرێژی و بەرنامەی ژیرانەیە.

١٧ی ئاوریلی ٢٠٠٤

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە

# پێناسەی سروود



ناسر ڕەزازی

کوردستان، یەکێ لە کۆنترین شوێنەکانی سەر ئەم گلۆڤەرە خاکەیە، کە هەزاران ساڵە شوێنەمێنگەی ژیانی ئێمەی کوردە،

هەتا ئێستاش کە سەدەی بیستەمەو تەکنۆلۆژی لەوپەڕی گەشەو هەڵچوونی خێرای خۆیدایە، ئێمەی کوردی چەوساوە، لەبەر ئەوەی کە بندەستین و بۆ خۆمان نین، وەک پێویستە، ژیان و ژیارمان لە باری مێژوویی و فەرهەنگی و هی دیکەوە، نەخراوەتە ژێر تۆژینەوەیەکی زانستییانە و، لە لایەن داگیرکەرەکانمانەوە، بە ژێر لیچەوە کراوین و، ڕێ نەدراوین لەو وار و پاودانەی کە تێیدا ژیاوین بکۆڵینەوە! بەنێوی ئێرانیی ڕەسەن و تورکی چیانشین و پێشمەرگەی موسوڵمانیش، چی شوێنەوار و کەلوپەلی کۆن و نووسراوە و دۆزراوەی ناو ئەم خاکە بووە، هەمووی دزراوە و لەسەر ناوی ئەم داگیرکەرانە، تۆمار و تاپۆ کراوە و گەلی کوردیش پشتگوێ خراوە، نموونەی نزیکیش پەیکەری مۆمیایی ئەو پاشایە بوو کە لە داوێنی چیای ئاویەری سنە، دۆزرایەوە و تاڵان کرا و دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵی پێش.

جیاواز لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد لە هەر چوارپارچەکەی کوردستان بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد، تەنیا شتێک کە نەیهێشتووە کورد بمرێ و لەناو بچێ و لەڕاستیدا نێوی ئێمەی زیندوو ڕاگرتووە، فۆلکلۆری کوردییە، بەتایبەت بەستە و گۆرانیی. هەر گۆرانیشە کە زمانەکەمانی زیندوو ڕاگرتووە، چونکە زۆر ڕووداوی گەورەی مێژووییمان هەیە، کە لە گۆرانییدا بۆمان ماوەتەوە. بۆ نموونە ئەو ڕووداوانەی کە لە بەیتی دمدم و بەیتی پاشاکۆرە و هی دیکەدا بۆمان ماوەتەوە. سروودیش، بە بڕوای من مێژوویەکی کۆنی هەیە لە کوردستاندا و نەخشێکی باشی هەبووە لە وشیارکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و ورپاکردنەوەی کۆمەڵگای کوردەواری لە پێوەندیی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی چەندەها ساڵەی گەلی بندەستی کورددا.

زمان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە تەک گۆرانیی و مووزیکدا هەیە و کاتێک کە باسی مووزیک بەتایبەت گۆرانیی و فۆلکلۆری کوردیی بێتە نێوان، بەبێ هاتنەگۆڕێ زمان، باسەکە ناگاتە ئەنجام! زمانی کوردیی بە هۆی دابەشبوونی کوردستان و بندەستبوونی میللەتی کورد، لە ژێر کارتێکەریی زمانانی فارسیی و عەرەبیی و تورکییدا کلێڵە و گۆت کراوە و گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەو حاڵەشەوە هەرچەند بە ڕەوتی گەشەی خۆیدا تێنەپەڕیوە، بەڵام بەهۆی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان و تێکۆشان و پلوپای کۆمەڵێک هونەرمەند و نووسەر و شاعیرەوە، هەر ماوە و نەفەوتاوە!

زمانی کوردیی، خاوەن پێنج زاراوەی سەرەکیی و چەند بن زاراوەیە کە زاراوەکان بریتین لە: ١- گۆرانیی (هەورامیی)، ٢- پالەویی (کەڵوڕیی)، ٣- کرمانجیی، ۴- موکریی کە بە هەڵە وشەی (سۆرانیی) جێگای گرتۆتەوە، ۵- لوڕیی. هەرکام لەم زاراوەگەلە خاوەنی گۆرانیی و فۆلکلۆری تایبەت بە خۆیەتی کە کۆنترینیان سروود (گاتا)کانی زەردەشتە.

## سروود چییە؟

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەگەلەی کە لە ماوەی ژیانی هونەریمدا کردوومە، سروود ئەم واتاگەلەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ: ١- سروود، سرووت، ستران، وشەیێکی کۆنی کوردییە؛ ٢- کەلام و مەنسەرە یان گوتەی پیرۆز کە لە ئاوێستادا هاتووە؛ ٣- ئەو گۆرانییە ئایینییانەی کە لە سەردەمی زەردەشتییەکاندا گوتراون، پێیان گوتوون: سرووت و گۆسانەکان (بەیتبێژەکان) چڕیویانن؛ ۴- سروود وشەیەکی کۆنی ئاوێستاییە کە لە گاتاکانی زەردەشتدا هاتووە و ریشەی وشەی سترانی کوردییە و لە کۆنترین ناوچەکانی کوردستان کە زاراوەکرمانجن ئەم وشەیە بەکار دەبرێ، بەڵام دواتر بە هاتنی ئیسلام چونکە ئەم سروودانە یارسانەکان و ئێزەدییەکان خوێندوویانن پێیان گوتوون: (گۆرانیی) واتە ئاوازی گاورەکان، یانێ هەر ئاوازێک کە یارسانەکان یا ئێزەدییەکان گوتبێتیان، ناویان ناون (گاورانیی)، واتە سترانی ناموسوڵمانانە، یان ئەو ئاوازانەی کە ناموسوڵمانەکان، یا گاورەکان خوێندوویانن!

ناوی هۆزی (گۆران)یش کە رەدووی ئایینی یارسان (ئەلحەق)ەکانە، لە کۆندا گیۆلان بووە کە مانای خاوەن ئاژەڵ دەدا و نێوی گیو و گیۆماتە و گیۆدەرز (گۆدەرز) و گیۆپات و گیۆلا کە دواتر بووە بە کەڵر کەوتۆتەوە و پاشان گیۆلان (ل)ەکەی بووە بە (ر) و بووە بە گۆران. کەڵوڕەکان دەڵێن: گوودەرز، باپیری ئەوان بووە کە لە شەڕی بابلدا بەشداریی کردووە، ئەمەش لە سەردەمی کوورشدا رووی داوە و بابلیان گرتووە. ئەو سەردەمە (ساخرەو) یا (پادگان)ێکیان هەبووە کە بە بابلەوە نزیک بووە، کە لە سەر رێگای شاهاوا (مەندەلی)ییەوە بووە، بەو شوێنە کە لەشکرەکەی تێدا بووە گوتراوە (بەیت گلا یان بەت گلایا)، واتە: سەرزەوینی گلاکان، و ئەو خەڵکەی کە لەگەڵ زەوی و جووت وگا سەرکاریان هەیە. (بەت) نێوی خودا و (گلایا)ش نێوی تیرەیەک بووە کە خاوەن جووت و گا بوونە و دواتر (باجەڵان و کەڵر و گۆران)ی لێکەوتۆتەوە و لە کۆنیشدا شوێنیان پالنگان بووە. هەروەها گلا یان گالا، بە (گێلانی)یەکانی کوردستان گوتراوە کە ئێستا پێیانەڵێن: گێلان غەرب و دواتر بە ناوچەکەدا بڵاوەیان کردووە. (بەت گلایا) یا (بەت گلا)، دواتر بووە بە باجەڵان، بە زیادکردنی (ان)ەکە. کە لە بنەڕەتدا باگەلان بووە کە نزیکە لە وشەی پایگەلان. کاتێک کە عەرەبەکان ناوچە دەگرن، بە بەتگلاییان گوتووە: بەت جلایا کە (بەت)ەکە نەماوە و (جەلەولا) یان (گەلەولا)شی لێکەوتۆتەوە.

ئەم دیتنە وا نیشان دەدا کە وشەی کەڵوڕ، لە گلایاوە هاتبێ و هەمیشە لە هەموو زمانێکدا وشە جێگۆڕکێ دەکا، بۆ نموونە ) لە زمانی کوردیدا، (ل) دەبێ بە (ر) و (ش)ش دەبێ بە (ژ) و هیدیکە. چونکە کەڵوڕەکان خۆیان دەڵێن: کەڵر نەک کەڵوڕ یا کەلهوڕ. وشەی کەڵریش واتە: ئەو کەسەی یان ئەو تیرەیەی کە لەگەڵ گا و زەوی و جووت و کێڵان سەروکاری هەیە.

گۆران یەکێ لە ئایینە کۆنەکانی کوردەوارییە، کە زمان و گۆرانیی کوردییان هەتا ئێستا پاراستووە و لە ناو دڵی خاکی کوردستاندا دەژین و کۆنترین تیرەی کوردن و دەبێ کورد شانازییان پێ بکا. دیتنێکی دیکەش هەیە کە دەڵێ: گات، یانێ سروود! سروودیش دیارە بە هەڵبەستی برگەیی دەگوترێ نەک پەخشان! گاتاکانیش بە شیعری بیستبرگەیی گوتراوە کە ئەمڕۆ لە کوردستان شوێنەواری ماوەتەوە! هێرۆدۆت دەڵێ: لە ئێرانی کۆندا موغەکان کە لە مادەکانن، لە کاتی نوێژ و سپاسی یەزداندا، سازیان ژەندووە و ئاوازیان چڕیووە!

## سروود لە سەردەمی مادەکاندا:

لە سەردەمی مادەوە هەتا دەگاتە چاخی هەخامەنشییەکان، دوو دەستە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵدا دەسەڵاتیان هەبووە، (بۆغەکان و موغەکان). بوغەکان بەرپرسیی سەربازیی بوونە و موغەکان بەرپرسی ئایینی. بەر لە دامەزرانی دەوڵەتیش، تیرەکانی ماد دەسەڵاتدارەتی دەرەبەگی و خانخانییان هەبووە و هەر دەستە بۆ خۆی خاوەنی سیستەمێکی سەربەخۆ بوونە کە لە بارەگاکانیاندا ژەنیار و دەنگخۆشیان راگرتووە! مێژوونووسانی وەکوو گزەنفۆن، ئیسترابوون و ئاتنائوس، باسی مووزیکی سەربازیی ئەم سەردەمەیان کردووە و دەڵێن: مادەکان و هەخامەنشییەکان لە مووزیک کەڵکیان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی سەربازەکانیان هان بدەن بۆ شەڕ! هەروەها بەشێکی دیکەش هەبووە کە لە کاتی راو و جەژنەکانی دیکە و مەراسمی پێشکەشیی و دیاریدان بە پلەوپایەدارەکان و پێشوازی لە باڵوێزەکان و داوەت و زەماوەن و بۆنەگەلی دیکەدا پێشکەش کراوە!

هیرۆدۆت کە خۆی بەشێک لە شەڕەکانی ئێران و یۆنانی دیوە، باسی خوێندنی ئاوازگەلێک دەکا کە لە کاتی مەراسمی گاوگەردووندا گوتوونیانن! ئانتیووسی رۆژاوایی بە پشتبەستن بە گوتەی (دینۆن)، لە (ئانگاریس)ی (بەرزترین بەیتبێژی) مادەوە قسە دەکا و پاشان لە کتێبی خونیاگەریی لە ئێرانی گەورەدا کە خاتوو ماری بۆییس نووسیویەتی و لە کتێبخانەی لەندەن هەیە، نووسراوە: (ئانگارێس) بەیتبێژی سەردەمی ماد و لە دیوخان، یان بارەگای (ئەژدەهاک)دا بووە، کاتێکیش کە کۆرەشی هەخامەنشی ویستوویەتی هێرش بکاتە سەر ئەژدەهاک، ئانگارێس بە بەیت هێرشی کۆرەشی بۆ سەر ئەو ئاشکرا کردووە.

لە (ئاناباز)دا کە داستانی گەڕانەوەی دوازدەهەزار ١٢٠٠٠ سووارەکەی یۆنانە و وشەیەکی فەرانسەیییە و واتای (گەڕانەوە) دەدا، هاتووە: (گەزەنفۆنی یۆنانیی کە ساڵی (۴٠١)ی بەر لە زایین بە بانگهێشتنی کوورۆشی کوڕی داریۆش هاتە وڵاتی ماد و پارت، لە کاتی گەڕانەوەی دوازدەهەزار ١٢٠٠٠ سووارەکەیدا بۆ یۆنان، لە کوردستان (٣۵۵ تا ۴٣٠)، کە تووشی شەڕ دەبن، دەڵێ: کاردۆخییەکان کە دەبێتە (کوردەکان)، کاتێ ویستیان هێرش بکەنە سەرمان، جۆرێک سروودی پڕجۆش و خرۆشیان دەگوت کە ریتم و میزانی نەبوو!) منیش لەو باوەڕەدام ئەو ئاوازە کە گەزەنفۆن باسی دەکا، هەر ئەم (لاوک)ەیە کە ئەمڕۆ بۆمان ماوەتەوە!

## گاتاکان چین؟

لە مووزیک یان سروودەبەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە، دەتوانین ئاماژە بە (گاتا) بکەین کە کۆنترین ئاوازی سەردەمی تەنانەت پێش مادەکانیش بووە. وشەی گات، چەندین واتای لە زمانی کوردیدا هەیە، من تەنیا چەند دانەی دەنووسم:

١. گات، گاس، گاز، بە کوردیی واتە: بانگکردن، قاوکردن، چڕین، وەکوو شیلانم بۆ گاز کە؛ ٢. جێگای زۆر بەرزی چیا، نووک، دوند، قەلەپۆپە، لووتکە، ترۆپک؛ ٣. قەڵشتی شاخی

بەردین؛ ٤. چڕین بە هەوای خۆشی گۆرانی؛ ٥. سروود یا هۆنراوەکانی زەردەشت؛ ٦. ئەو گۆرانییە ئایینیگەلەی کە گۆسانەکان چڕیویانن؛ ٧. ئەو هۆنراوە بیستبڕگەییانەی کە لە سەردەمی زەردەشتدا وەکوو سروود خوێندراون و ئەمڕۆکە شوێنەواریان لە هەموو کوردستان ماوەتەوە! گاتاکان، کۆنترین و پیرۆزترین بەشەکانی ئاڤێستان کە لەناو یەسنادا هەڵگیراون، یان لە ناو یەسنادا ماونەتەوە؛ بە کۆی هەموو گاتاکانیان گوتووە (گاسانیک) و بەو گۆرانیبێژ یان بەیتبێژانەی کە ئەم گاتاگەلەیان چڕیوە، گوتراوە: (گۆسان) واتە: بەیتبێژ یان بێژەری گاتاکان!

لە زمانی کوردیدا بەو چیرۆک و داستانگەلەی کە لە کۆندا سینەبەسینە ماونەتەوە و زۆرتر داستانی حەماسی و کۆمەڵایەتین و بە ئاواز دەگوترێن، دەڵێن: (بەیت)، وشەی بەیت هیچ پێوەندییەکی بەسەر (بێت)ی عەرەبییەوە نییە و لە ریشەی (پۆیێت Poet)ی لاتینی کە دەبێتە شاعیر کەوتۆتەوە، هەروەها بەیت دەبێ لە (Pad پاد)ی ئاوێستایی کە مانای شیعر دەدا کەوتبێتەوە، دووریش نییە، بەیت لەگەڵ (بەیات) کە هەوایەکی مۆسیقاییە و لە ئێراندا بە شوور نێوی دەهێنن، هەر یەک سەرچاوە و ریشەیان هەبێ، لە زمانەکانی ئورووپاییشدا، (پۆیێت Poet)، کە مانای شاعیر دەدا هەر لەو ریشەیەیە، بەیت بەشێوەی هەڵبەست و پەخشان دەهۆندرێتەوە و زۆرتر باسی دڵداریی و رووداوی مێژوویی و ئەو بەسەرهاتانەی دەکات کە لە کوردستان روویان داوە، وەکوو داستانی شەڕ و چیرۆکی دڵداری و کۆمەڵایەتی، بەیتبێژ هەم دەنگخۆشە هەمیش شاعیر، بەیت لە رووی کۆمەڵناسی و جوغرافیا و مێژووەوە، گرنگە، حەیران و لاوک و حەیرانۆک، سەر بە بەیتن، یان دەتوانین بڵێین کە: بەیت بە حەیران و لاوک و حەیرانۆک دەگوترێ، بەیت جۆری جیاوازی هەیە، هەروەک لە ناوەڕۆکدا تەواو کوردییە، لە قاڵبیشدا وەهایە.

هەوا یان مێلۆدییەکی دیکەشمان لە کوردیدا هەیە کە پێی دەگوترێ: هۆرە و، ئەم هەوایەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشت و وێدەچێ هەر سەر بەو پێنج (دەمەن) یا (فەرز)ە عیبادەتەی بێ کە زەردەشت دایناوە و ئەم هەوایەش لە مێژوودا بە (لەحنی ئەورامەن) نێوی هاتووە و لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکانی بە ریشە کورددا ناوی هاتووە و ئەمڕۆ لە کوردەواریدا پێیدەگوترێ هۆرە، کە بۆ چاکەبێژیی ئەهوورامەزدا گوتراوە و لە واژەی (ئەهوورا) وەرگیراوە و، هەر بەو شێوەیەی کە لە کۆندا گوتراوە، ئەمڕۆش لە ناو دەروێشانی ئایینی ئیسلام و بەتایبەت پەیڕەوانی ئایینی یارساندا دەگوترێتەوە و زۆرتر بە زاراوەی کەڵوڕیی دەگوترێت.

مۆسیقای سەردەمی ساسانییەکان: خەسرەوی دووهەم یان (خەسرەو پەرویز)، کە لە خانەدانی ساسانی کوڕی پاپەک بووە، (سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینی)، لە سەردەمی دەسەڵاتداری خۆیدا زۆرتر لە پاشاکانی بەرلە خۆی بایەخی بە مووزیک داوە! نێوبراو سازبەندەکانی لەگەڵ شارەدارەکانی ئەو سەردەمە، لە مەراسمێکی کەشتیسواریدا بەسەر دیجلەوە پێکەوە سوار کردووە کە نەخشی ئەوانە بەسەر زیوارەی نیوەکارەی (تاقوەسان)ەوە دیارە و ماوەتەوە! لە نەخشی نێوبراودا خانەدانی سەڵتەنەتی لە پاودان (حاڵەت)ی راوی کەڵەکێویدا دەبینرێن و چنگژەنانێکیش لە ناو بەلەمەکاندا دەبینرێن، لە بەلەمێکی دیکەشدا گۆرانیبێژگەلێک هەن کە بەچەپڵە لەگەڵ سازبەندەکان کێشی مووزیکەکە رادەگرن! بەسەر زێوارەی بەرانبەرەوە شانۆیەکی گەورە بەسەر بەردەکەوە هەڵکنراوە کە سازبەندەکان نیشان دەدا و گۆرانیبێژانی ژنیش هاوکات لەگەڵ ئەوان بۆ راگرتنی کێشی مووزیکەکە چەپڵە لێدەدەن و لە پشت سەری ئەوانەوە ریزێک لە شەش ژەنیار یان چوار ژەنیاری جۆری زوڕنا و دەف و ئۆرگۆن دەبینرێن! لە بەردەم پاشا کە بە چەتری پاشاییەوە دیارە، سێ شەیپوورژەن دەبینرێن و دوو دەهۆڵکوت و یەک تەپڵیدەر؛ لە نێوانیشیاندا سێکەس دەبینرێن کە لەوانەیە گۆرانیبێژ بن! ئەمانە نیشاندەری برەو (رەواج)ی مووزیکن لە دەربارەکانی ئەو سەردەمەدا! سازبەندەکانی سەردەمی خەسرەوپەرویز بریتین لە: (باربەد، نەکیسا، سەرکەش، بامشاز، رامتین، سەرکەب و ئازادە)، کە ئازادەیان تەرخانی خەسرەو پەرویز و چنگژەنی تایبەتی ئەو بووە! بەنێوبانگترینی ئەم شوێنەوارانە، (نەخش)ەکانی تاقوەستانی کرماشان و دەفرە زێڕ و زیوەکانی ئەو سەردەمەن!

## پێوەندی بەیت لەگەڵ سروود؟

ئەو گۆرانیبێژ و ژەنیارانەی کە سروودیان چڕیوە، بە شێوەی مووزیکەکەیان گوتراوە: مۆسیقای نائایینی! گۆرانیبێژان و سازبەندان زۆرتر لە دەزگای دەسەڵاتدارە کەوناراکانی ئێران واتە مادەکان و هەخامەنشییەکان و دواتریش ساسانییەکاندا ژیاون! مێژوونووسانی یۆنانی باسی بەکاربردنی جۆرەگەلجۆر دەهۆڵ و شەیپووریان لە کاتی هێرشەکانی شەڕی ئێرانییەکاندا کردووە بۆ سەر ئەوان بەتایبەت کاردۆخییەکان کە لە (ئاناباز) گەڕانەوەدا باسی دەکا! لە کاسەیەکدا کە هی سەدەی چوارەمی مانگی زایینییە، جەنگاوەرانی ئێرانیی و یۆنانیی لە پاودان (حاڵەتی)ی لێدانی شەیپووری خۆحەن و کەرەنا دەبینرێن! لە راستیدا نێوەکانی (شەیپوور و کۆس و بەربەت و تەمبوور)، لە ریشەی زمانی مادیی ئاوێستاییە و، یۆنانییەکان ئەم نێوگەلەیان لە ئێرانییەکان وەرگرتووە و ئەو سازانەیان بەکار بردووە! بۆ نموونە یۆنانییەکان ناوی سازی (بزۆک یا بزۆق)یان، لە (تەموورە) وەرگرتووە کە ئەویش ناوی کۆنی کوردییە و، تەموورە بۆ کاتی موور و شیوەن بەکار دەبرێ. ناوی تەموورە، لە بنەڕەتدا (تەلموورە) بووە کە لە دوو وشەی (تەل و موور) پێکهاتووە.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا نەکیسا جگە لەوەی کە بەیتبێژ، یان (هۆنیاواچ)ێکی زەبەردەست بووە، باشترین هۆرەچڕی ئەو دەربارە بووە، لەو سەردەمەدا! ئەمانە هەموو بەڵگەن بۆ ئەوەی کە کورد هەر لە کۆنەوە گۆرانیی حەماسی هەبووە و لاوک و هۆرەی ئەو سەردەمەش سەرەڕای زاڵبوونی ئایینی ئیسلام هەتا ئێستاش هەر شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی خۆی هەر لە دەست نەداوە و بە جۆرێک سروود یان هەر بە سروود دێنە ئەژمار، چونکە حاڵەتی هاوار و تێکۆشان و بەربەرەکانێ و ململانێ و نارەزایەتی تێدا هەبووە و هەیە. خاتوو ماری بۆیس دەڵێ: بۆ دەورانی ساسانی، جیا لە درێژەپێدانی سوننەتی گۆسانەکان لە باکوور، لە دەرەوشانەوەی خونیاگەری لە (ئێرانی گەورە!!)دا شایەت و بەڵگەی زۆر بەدەستەوەیە، ئەوەی کە خاتوو ماری بۆیس دەڵێ: سوننەتی گۆسانگەری تەنیا لە باکوور بووە، نیشانەیە بۆ ئەوە کە کورد خاوەنی ئەم هونەرە بووە! بۆ سەلماندنی بانگاشەکەشمان، چەند جۆر لە جۆرەکانی بەیت، کە بە لاوک و هۆرە دەگوترێن، بەم شێوەیەی خوارەوە ناونووس دەکەین: بەیتی وەیس و رامین، بەیتی مەموزین، بەیتی قەڵای دمدم، بەیتی پاشاکۆرەی رواندز، بەیتی عەزیزوتەکش، بەیتی پاوەمووریی ناوچەی ئیلام، بەیتی ئەژدەهاک، بەیتی شەودێز، بەیتی زرێنسەر، بەیتی خولەپیزە و هیدیکە، کە پێشینەی هەندێکیان زۆر کۆنن! هەندێک لەو داستانانەی کە لە کۆندا گوتراون، لە وێنەی وەیس و رامین و شانامەی کوردیی و خوسرەو و شیرینی خانای قوبادی و هیدیکە لە کوردستانی ئەو سەردەمە و تەنانەت دەروجیرانانیش بە بویژەکانی گوتراوە: گۆسان، واتە بەیتبێژ! جۆری گرنگیی هۆرە لە کۆندا بۆ کاتی شەڕ لەگەڵ دوژمندا گوتراوە!

یا لە بەیتی رواندزدا، حاجی مستەفای دەنگخۆشی ناوچەی هەولێر دەڵێ:

کوڕینە بەرێ خۆ بدەن حوکمڕانیێ پاشایێ گەورە لە شارێ رواندزێ

تاکوو چاک بزانن لە حەمی زەمانان لە حەمی جێیان

هەرچی دارەکی کرمی لە خۆ نەبێ قەت و قەت نارزێ!

ئەمانە هەموو نموونە بوو بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنین کورد هەر لە کۆنەوە خاوەنی سروود بووە و سروود لە ژیان و خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد و کۆمەڵگاکەیدا نەخشێکی زۆری هەبووە و لەگەڵ ژیان و ژیاری ئەو نەتەوەیە، پەنجەی هەڵپێکاوە.

## سروود وەکوو مارش، لە کوێوە سەری هەڵداوە؟

یەکەم سروود، لە بنەڕەتدا لە فەرانسەوە سەری هەڵداوە و، پێی دەگوترێ مارش، بەڵام بۆ بەرانبەر بە وشەی مارش، لە ئێران و لەلای ئێمە، وشەی سروودیان لە جێگە داناوە. مارش وەکوو سروود، کە وشەیەکی فەرانسەییە لە کوێوە هاتووە؟ لە شۆڕشی فەرانسەدا ئەفسەرێکی فەرانسەیی بە نێوی (مارشیلز)، بۆ هاندانی سەربازانی فەرانسەیی، کە نۆتەشی نەزانیوە، ئاوازێکی داناوە و هەموو بەیانییەک ئەم ئاوازە وەکوو مارش گوتراوەتەوە. دواتر کورتکراوەی ناوی (مارشیلز)، واتە (مارش)یان لە سەر ئەم ئاوازە داناوە و ئەم وشەیەش لە شەڕەکانی دووەمی جیهاندا کەوتە سەر زاران و لە هەموو دنیا بوو بە باو. هەر لەبەر ئەوە یەکەم سروود یا مارش، بڕاوە بە باڵای ئەو وڵاتەو، ئیتر بۆ مەشق و راهێنانی سەربازیی بەکاریان بردووە و لە رێگای تورکییەوە بەرە و لای ئێمە، واتە ئێراق و کوردستانی باشوور سەری هەڵداوە. (سروود) کە بەرانبەر بە مارشی فەرانسەیی دانراوە، وشەیەکی کۆنی ئاوێستاییە، گە لە (سان و رێژە)دا بۆ مەشق و راهێنانی سەربازیی بەکار دەبرێ، بەڵام سروود لە کۆندا لە پەرستگاکان و ئاورگەکانی مۆغەکانی زەردەشتیی، لە کاتی ستایش و ئاهەنگی ئایینیدا بەکار براوە.

من زۆر ئاگادار نیم، بەڵام یەکەم سروودی کوردیی لە کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بە نیوی سروودی نیشتمان، بە دەنگی سەید عەبدوڵڵای نەهری گوتراوە. لە کوردستانی باشووریش، زێوەری شاعیر چونکە خۆی لە ستانبوول ژیاوە، لە سروودی تورکی ئیلهامی وەرگرتووە و هاتۆتەوە کوردستان هۆنراوەی داناوە و لە قوتابخانەدا بە منداڵانی کوردی گوتۆتەوە. هەروەها پیرەمێرد شاعیری نەتەوەیی کورد، ئەویش کە ستانبوولی دیوە، بێ کاریگەریی نەبووە لەم بوارەدا. مامۆستا خالید سەرکاریش کتێبێکی لە سەر سرووده کوردییەکان نووسیوە کە بڵاو بۆتەوە و لە مەدرەسەکاندا وەکوو وانە دەگوترێتەوە.

## سروودبێژە ناسراوەکانی کورد کێن؟

ئەوانەی کە تا ئێستا کەم تا زۆر، سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕانەیان گوتووە و بە تۆمارکراوی ماوەتەوە، بریتین لە:

تاهیر تۆفیق، ساڵەح دیلان، رەفیق چالاک، خالید دلێر، ئەنوەر قەرەداخی، عەلی مەردان، حسەین عەلی، ئیبراهیم خەیات، عوسمان عەلی، جەلال عەزیز، ناسر رەزازی، نەجمەدین غوڵامی، حەمە جەزا، ئیسماییل ئایگۆن ناسراو بە (شووان پەروەر)، غوڵامعەلی ئاتەشی ناسراو بە (کاڵێ)، رەشید فەیزنژاد، حەسەن زیرەک، فوئاد ئەحمەد، لاڵۆ رەنجە، سەلاح مەجید، جەمال موفتی، کەریم بلووری، تاهیر خەلیلی، شووان کابان، ئازاد خانەقینی.

ماڵپەری رۆژی کورد

ساڵی ٢٠٠٦

# فەلسەفەی ئەخلاق



بەشی یەکەم

نووسەر: لووئیس پ. پۆیمان
وەرگێر لە سۆئێدییەوە: حامید مائیلی

"لە هەموو دونیا وده تەواوی ژیاندا، شتێک گرینگتر لەو خاڵە کە بزانین چ شتێک درووستە، نییە. بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەو بابەتەی کە لە پێشمانە و پێویستی بەسرنجی ئێمەیە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوپرسیارە کە وڵامی لێمان دەوێ یان گرفتەکە چارە سەر بکرێ، هێندێک چوارچێوە هەن کە دە پەیوەندی دەگەڵ رووداوەکەدا بەسەریاندا دەکەوین و دەبێ لە بەرچاویان بگرین. چۆنێک بێ هەڵوێستیک هەیە کە دەبێ بەرێوەبچێ یان شتێکە کە دەبێ کاتی خۆی لێی بکۆڵدرێتەوە.هەلێکی گونجاو هەیە کە دەبێ شوێنی هەڵبگیرێ و بدۆزرێتەوە، هەر وەها رەوتی دیکەش هەن کە هەڵەن و دەبێ خۆیان لێ بپارێزرێ. ئێمە باسی شتێکی بچووک ناکەین، باسی ئەوە دەکەین کە(دەبێ چلۆن بژین)".

## ئەخلاق چییە؟

چەند ساڵ بەر لەئێستا وڵات بە بیستنی خەبەریک لە نیویۆرک دەهەژێ. ژنێکی جەوان بە نێوی "کیتی گێنۆوس" بە شێوەیەکی بێ بەزەیانە، درەنگایەکی شەوێ دە سێ نۆرەی جێوازدا کە سێ وهەشت شارۆمەندی بە ڕێز و گوێڕایەلی قانوون یش دە جیرانەتیدا دیویانە یان بیستوویانە، دەدرێتە بەر چەقۆ. بۆ ماوەی سێ وپێنج خولەک،ئەو کابرایە لەو ژنە دەدا و وەربەرچەقۆیانی دا و بە جێ دێڵێ و سەرلە نوێ دێتەوە سەری تا دەئاکامدا ژنەکە دەمرێ. هیچ کەس دەوماوەیەدا دەست نابا بۆ تلەفۆن کە پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە. هیچ کەس دەنگی ئەو جینایەتکارە نادا، ژنێکی بە ساڵادا داچوو دەئاکامدا پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە و دوای تەنیا دوو خولەک پۆلیس گەیێشتە شوێنی قەتڵەکە. بەڵام "گێنۆس" ئیدی مردبوو.
تەنیا یەک ژن هاتە دەرێ وەک شاهید سەعاتێک بەر لەوەیکە ئامبۆڵانس بگاتە جێ.بەدوای ئەودا هەموو دەرو جیران لە خانووەکانی خۆیان ڕژانە دەرێ. کاتیک لێمان پرسین، بۆچی هێچ کاردانەوەیەکیان لەخۆ نەنواند لە جیاتی ئەو وڵامە ڕاستییە کە "ئێمە ترسابووین" ، تەنیا وڵامێک کە دەمانبیست، "نازانم"، "ماندوو بووم "بوو.
ئەوتۆ ڕووداوێکی دڵتەزێن زۆر پرسیاری ئەخلاقی لە مەر بەرپرسیارەتی خەڵک لە ڕاست یەکتر هەڵدەخرێنێ.
ئەو شارۆمەندە بە حورمەتانە چیان کردووە؟ ئەرێ ئەوتۆ هەڵسوکەوتێکی ئەخلاقی جێی لۆمە وسەرکۆنە نییە؟ ئەرێ کوشتنی "گێنۆس" ڕووداوێکی هاساییە یان کارەساتێکی جێی نیگەرانی؟ ئەو بەسەرهاتە پرسیاری زۆر گرینگ لە سیمایەکی گشتی لە مەڕ ئەخلاق دەوروژێنێ. ئەوە چ جۆرە ئەخلاقێکە، وچ پێویستیەکمان پێیەتی؟ چییە کە باشە و چلۆن بزانین؟ بە پەرۆشی ئەخلاقەوە بوون دە بەرژەوەندیمان دایە؟ پەیوەندی نێوان ئەخلاق و دین چییە؟ پەیوەندی نێوان ئەخلاق و قانوون چییە؟ پەیوەندی نێوان ئەخلاق و نەریت چییە؟ ئەوانە پرسیارگەلێکن کە ئێمە دەو کتێبەدا دەیانهێنینە بەر باس و توێژینەوە. ئێمە دەمانەوێ لە بنەما و قەرەچێوەی ئەخلاق بگەین. ئێمە دەمانەوێ بزانین چلۆن دەبێ بژین.

## ئەخلاق و بوارەکانی

ئەخلاق لقێکە لە فەلسەفە کە پێمان دەڵێ چلۆن بژین باشە، بە ئەوتۆ نییەتێکی باشەوەیە کە دەزانین چ "درووست"ە و چ "هەڵە" یە. بەڵام فەلسەفە چییە؟
کۆمەڵێک شتن کە لە دونیای ترس و دڵکورکە و ڕاز و ڕەمزێکەوە دەست پێدەکەن، کە توێژینەوەیەکی عەقڵانی لە مەر ئەو ڕاز و ڕەمزە وەستۆ دەگرێ کە عەقڵ و حەقیقەت خوازیارین و ژیانێکی پڕ لە بەرپرسیارەتی ئەخلاقی وچربوونەوەی فکرێکی توێژەرەوانەی لێدەکەویتەوە. با گوێمان لە پەندی حەکیمانەی ئەرەستوو بێ کە دەڵێ:
"ژینی هەڵنەسەنگێندراو، شیاو نییە کە بە ژیان دابنرێ" فەلسەفە هیچ ڕەوتێکی ژیان بە بێ لێکۆڵینەوە ناهێڵێتەوە. ئاماژەی ڕاشکاو و ڕەخنەگرانە بە سەرجەم واقیعییەتەکانی ژیان دەکا. ئەوەی وەک پێناسەی فەلسەفە بێ هەر ئەو پاساوە واقیعگەرایانەیەتی. فەیلەسوفان، چەمکەکان دیاری دەکەن، لێیدەکۆڵنەوە و تاقیکاری لە سەر پاساوەکان و گریمانەکان دەکەن، بەڵام ئەرکی سەرەکی ئەوان توێژینەوە و سازکردنی چوارچێوەیەکە بۆ ئەو پاساو و بەڵگانە. پاساو هێنانەوەی فەلسەفی هەم دە دەستەبەر کردنی گریمانە وهەم دە دۆزینەوەی بەلگە بۆیان لە سەر بنەمای دەلیلگەلێکی زانستیانەن کە بە مەبەستی زیاترنیزیک بوونەوە لە حەقیقەت، گریمانەکان تاقی دەکەنەوە.
بەڵام تاقیکارییە زانستییەکان لە لابراتۆرەکانە بەرێوە دەچن، ئەو شێوە تاقیکارییانەن کەنەخشی سەرەکی دە سەلماندنی ئاکامی بەچاو دیتوو و بە ئەزموونکراوی ئەو تاقیکارییانە دا دەگێرن کە دە زەیندا ڕوودەدەن، لە جێگایەک کە خەیاڵی ئەو تاقیکارییانە دێن و دەچن. دە ژووری لێکۆڵینەوەکاندا ڕوودەدەن، لە جێگایەک توێژنەوەکان بەرێوە دەچن. دە قسە کردندا، دە وتووێژەکاندا کە پرسیاری هەتاهەتایی هێشتا هەر بەردەوامە، لە جێگایەک بۆچوونە دژبەرەکان و گریمانە جێوازەکان خۆ دەنوێنن، لێکۆڵینەوە لە مەڕ ئەخلاق دە فەلسەفەدا بەشی تایبەت و هەرێمی تایبەت بە خۆی هەیە کە وەک پرسیارێکی ئالۆز سەیری دەکرێ. بەر لە هەموو شت هەلومەرجی تایبەت لە مەر دوو وشەی ویژدان و ئەخلاق دەبێ باس بکرێ. ئەغڵەب ئەو جووتە لە جیاتی یەکتر کەلکیان لێوەردەگیرێ ولەوکتێبەشدا هەر وایە. هەرتک وشە دە ناوەرۆکی خۆیاندا لە بیر وباوەڕی "خۆگونجان " سەر چاوە دەگرن کە کردەوەیەکی سروشتی و هاساییە. بە تایبەت "ویژدان" کە لە وشەی لاتینی داب ونەریت و "ئەخلاق " لە "ئێتۆس" ی یونانی یەوە سەرچاوە دەگرن.

### گرینگترین هەرێمی لێکۆڵینەوە لە مەڕ ئەخلاق بریتین لە:

١- وئەخلاقی تاریف کراو
٢- فەلسەفەی ئەخلاق "تێئۆری ئەخلاق"
٣- ئەخلاقی گونجێندراو.

سەرەتا "ئەخلاقی تاریف کراو"، کە بە ڕاستی، قەناعەت، عادەت، پرەنسیپ، کە کردەوە و فەرهەنگی ئینسانەکانن دەگرێتەوە. کۆمەڵناسان سرنجی تایبەتی دەدەنە ئەو عادەت و عورفە وێژدانییانەی ناسراوی تاقم و توێژی کۆمەڵگا لە سەرتاسەری دونیا، و وەک واقیعییەتی فەرهەنگی سەیریان دەکەن، تەقریبەن وەک واقیعییەتێک لە مەر ئینسانەکان کە لەو وڵاتانە چ دەخۆن، یان چ جل وبەرگێک دەبەر دەکەن. بەشی دووهەم :"فەلسەفەی ئەخلاق" کە تەنانەت تێئۆری ئەخلاق یشی پێ دەگوترێ، کە ئاماژە بە حەولێکی سیستیماتیک بۆ تێگەییشتن لە مەفهوم و مەبەستی پرەنسیپەکانی ئەخلاقی و تێئۆرییەکەی دەکا. ئەوەش بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەوەیە کە چ "درووست" و چ"نادرووست " وچ " ئیزن پێدراو" ن. لە سەرچاوەگەلێکی وەک خودا، عەقڵی مرۆڤ، یان ئارەزووی سەرکەوتوویی بۆ لێکۆڵینەوە لە مەر ئەخلاق کەلک وەردەگرن. مەبەستیش لەوەیە کە بە هێندیک پرەنسیپ بۆ دەستەبەر کردنی حەق ئاماژەیان پێبکرێ. ئەوکردەوانەی کە دەتوانن وەک یارمەتیدەردەهانای ڕەفتاری تاقم ودەستەگەلێک بێ. سێهەم :ئەخلاقی گونجێندراو کە ئەرکی بەرێوە بردنی هێندیک گرفتی ئەخلاقی وەک "لەبەر بردنی منداڵ، پەیوەندی کچ و کوڕ بەر لە ئیزدیواج، سەزای مەرگ، یارمەتی دانی نەخۆشان بۆ مردن، نافەرمانی مەدەنی" بەرینترین لێکۆڵینەوەلە مەر ئەخلاق، لە سەر ئەو سێ بەشە جێوازانەیە. کە بواری زۆر گرینی وەک بۆ نموونە "فەلسەفەی ئەخلاقی کە زۆر زۆر ئاوێتەی ئەخلاقی گونجێندراوە: تێئۆری بێ ئیرادە نەزۆکە وبێ بایەخ، بەڵام ئیرادەی بێ ڕوانگەیەکی تێئۆرییش کوێرە. دەمەتەقەیەکی بەر بەرین لەسەر لەبەربردنی منداڵان دێتە گۆڕێ، بۆ نموونە :کاتێک ئەو باسە بە گوێرەی تێئۆری ئەخلاقی وکاتێک بە بێ ئەوتێئۆرییە بێتە گۆڕێ. ئاکامی ئەو باسە ڕوونترە بەڵام گەرمتر نییە. بە سەرەتای دونیای کۆفەرهەنگی ئەورۆ و بەو جێوازییە قووڵەوە لە تێڕوانینی جیهانییەوە، وادیارە دەبێ لێمان ڕوون بێ کە پێویستیمان بە

کەلکوەرگرتن لە تووند تیژی بۆ چارەسەر کردنی خواستەکانی خۆمان دەبێ. ئاشنا بوون بە ئەخلاق لە پێداویستییەکانی هەلومەرجی مرۆڤایەتییە بۆ درێژە بە ژیان و سەرکەوتن و گەشە کردنە. ئەگەر ئێمە وەک ئینسانگەلی ئازاد، شارەستانی بژین دەبێ خاوەن تەحەممول بین. دەبێ ئەخلاق زۆرتر لە لەوەیکە لە بەردەستانە بە جیددی بگرین. تێئۆری ئەخلاق دەتوانێ ئێمەلە دەمارگرژی و ئێحساساتی بوون، کاتێک لە جێگای دیالۆگ بە سەر یەکتردا دەنەڕێنین، ڕزگار بکا. تێئۆری ئەخلاق، گونجێنەری مەفهووم، چوارچێوە و هەڵسەنگاندنی مەبەستەکانە و ڕێنمایەکە بۆ ئێمە کە چلۆن دەبێ بژین. زۆر گرینگە کە خوێندەواران باسی هەلومەرجی ئەخلاقی ولایەنە ئەرێنییەکانی ورد بینانە بێننە گۆڕێ. تویژینەوەی ئەخلاق نەتەنیا بایەخێکی کەرەسیانەیە بەڵکوو لە جێی خۆیدا خاوەن بایەخێکی بەرزیشە. هەر سەبارەت بە خۆشمان بووە گرینگایەتییەکی تایبەتی هەیە کە ئینسان زانیاری لە مەر شتێک بێ کە بە کەلکە. ئێمە بوونەوەرگەلێکی خاوەن عەقڵین لانیکەم کە ناتوانین یامەتیدەر بین بەڵام دەمانەوێ لە هونەری ژیانی باش و هەر چی دەپەیوەندی ئەودایە تێبگەین، تویژینەوەی لە مەر ئەخلاق جاری وایە هێندیک بە ئازارە. لەبەروەیکە زۆر تێئۆری هەن کە ئەغڵەب لە هەمبەر یەکتر، کە ئاکامێکی سەر شێوێنەر و هەڵخڵەتێنەری لێدەکەویتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییانە دە ئەخلاق دابایەخی دەوەدا کە بەستێنی کاردانەوەیەکی سروشتی ئێمەی لە ڕاست ئەو دژوارییانەی لەدوو بێ.

## ئەخلاق لە پێگەی پێکگرتن دەگەڵ ڕفتارە هاسایییەکانی دیکە

پرەنسیپەکانی ئەخلاقی، کە وەک نەریت بەڕێوە دەچن بەشی هەرە گەورەیان بە مانای ئەوەیکە هەن یان دەبێ ببن نین، چلۆن ژیانی خۆم دەبێ ڕابوێرم؟ چ درووستە کە من دەو هەلومەرجەدا بەڕێوەی بەرم؟ ئەرێ سێکسی بەر لە ئیزدیواج ئیزن پێدراوە؟ئەرێ ژنێک مافی لەبەربردنی منداڵی خۆی هەیە؟ ئەخلاق لایەنێکی ڕێنەمایانەی بە کردەوە یان لایەنێکی هاسایی هەیە، کە دەگەڵ لایەنەکانی دیکەی وەک دین، قانوون، و نەریت و عادەت تێکەڵاوییان هەیە. ئیزن بدەن با ئێمە فەرقی نێوان ئەخلاق دەگەڵ هەر کام لەوانە دیاری بکەین.

## دین

سەرەتا بیر لە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و دین بکەینەوە. ڕەفتاری ئەخلاقی کە دە هێندیک دین دا تاریف دەکرێ، ئەغڵەب وێدەچی کە دەگەڵ داب ونەریتی مەزهەبی دەچارێ. بەڵام هیچکام لە نەریت و ئەخلاق نابێ بەگوێرەی دین تاریف بکرێن. بە بۆنەی باوەڕی دینییەوە ئەخلاق نابێ بێتە گۆڕێ و پرەنسیپەکانی ئەخلاقی پێویست نییە کە بە گوێرەی دینی دەستەڵاتداران و داب و نەریتی مەزهەبی کە هەمیشە لە گۆڕێن،تاریف بکرێ. گرینگترین تایبەتمەندی ئەخلاق بنەمای عەقڵ و ئەزموونی ئینسانییە. ئەگەر شێوەیەکی هەندەسی بۆ تاریفی ئەخلاق دەکار بکەین، ئەخلاقی سێکولار پانتاییە وبێ بەرییە لە عەموود یان لایەنێکی بەرزایی، بەڵام "لەترۆپک" ئەخلاقی مەزهەبی کە بە گشتی ڕیشەی پێناسەی خۆی لە وەحی یان دەستەڵاتی ئیلاهی کە لایەنی عەموودی ئەخلاقی مەزهەبییە دا،دەبینێتەوە کە بە مەبەستی پڕکردنەوە یان تەکمیل و تەیاری وەحی کەلکی لێوەردەگیرێ.ئەو جووتە هێڵە جێوازە ئەغڵەب دەبنە هۆی وەدیهاتنی پرەنسیپی ئەخلاقی جێواز و ستاندارد بۆ پێکگرتن، بەڵام هیچ پێویستی بەوکارە نییە. هێندێک لە باسەکانی لە مەڕ ئەخلاقی مەزهەبی، کە وەحی غەیبی دەو قانوونەی ئەخلاقی سروشت یان ویژدان داجێ دەکەنەوە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە بێ وەحی یش دەکرێ چاک و خەراپ لێک بکرێنەوە.

## قانوون

سرنج بدە بە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و قانوون. ئەو جووتە خزمایەتییەکی تەواویان بە یەکەوە هەیە، وهێندێ کەس تەنانەت ئەو جووتە مێتۆدە بە چاوێک دەڕوانن. زۆر قانوون دەستەبەر کراون بە مەبەستی چاکسازی دە کۆمەڵگادا، بۆ چارە سەری کێشەکان و بەرەو پێشەوەبردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، دەقیقەن هەر ئەوەیکە ئەخلاق دەیکا، هەر وەها ئەخلاقیشەکە دەتوانی قەزاوەت بکا کام قانوون ویژدانییە بێوەیکە نکۆڵی لە دەستەڵاتی قانوونەکە کردبێ.
بۆ نموونە: قانوون ئیزن دەدا بە کۆیلە ڕاگرتن، لێدانی خێزان، هەڵاواردەیی ڕەگەزی، یان سووکایەتی سێکسی. بەڵام ئەوانە هەمووی ڕەوتێکی غەیرە ئەخلاقین. کاتولیکێک یان وتەبێژێکی دژ بە لەبەربردنی منداڵ، دەتوانێ لە سەر ئەو باوەڕە بێ کە هەر قانوونێک ئیزن بە لەبەر بردنی منداڵ دەدا، قانوونێکی غەیرە ئەخلاقییە.
دە زنجیرە بەرنامەیەک لە PBS تێ وێ لە مەڕ ئەخلاق لە ئەمریکا، دە دادگایەکدا لە پارێزەرێکیان پرسی ئەگەر ئەو کەسەی کە تۆ دیفاعی لێدەکەی چەند ساڵ بەر لە ئێستا تووشی قەتلێک بووبێ بەڵام یەکی دیکەیان لە جیاتی تاوانبار کردبێ، کاردانەوەی تۆ چ دەبێ؟ وڵامی دایەوە من تەعەهوودێکی قانوونیم هەیە کە زانیاری لەمەڕ ئەو کەسەی دیفاعی لێ دەکەم بپارێزم و ئەگەر من ئەوە ئاشکرا بکەم بەگویرەی قانوون ئیزنی پارێزەریم لێ دەستێننەوە و لە کارەکەم بێ بەری دەکرێم. ئەوە جێی باسە کە ئەو پارێزەرە تەعەهوودێکی ئەخلاقی هەیە بۆ پاراستنی تەعەهوودێکی قانوونی و کە لە سەری کردۆتە ئەرک کە ئینسانی بێ تاوان لە ژێر پەتی سیدارە ڕزگار بکا. جگە لەوەش، هێندێک دەستەواژەی ئەخلاقی هەن کە قانوون دەیانپارێزێ . بۆ نموونە: تەنانەت ئەگەر لەلایەن بیر وڕای گشتییشەوە وەربگیرێ کە درۆ بکرێ دیسان هەر غەیرە ئەخلاقییە، هیچ قانوونێکی گشتی لە مەر ئەوەوە نییە. جگە لەوە بە هەڵکەوت شاهیدی دان بە درۆ یان گرفتێکی ماڵیاتی.جاری وایە ڕۆژنامەی کالج لە لایەن ئەوانەوە کە شت دەنێرنە جێگایان، ڕێکلام بڵاو دەکاتەوە کە پێشنیار بە دانی یارمەتی بۆ لێکۆڵینەوە دەکەن. سەرەڕای وەیکە پێشووش زانراوە ئەو ڕێکلام چییانە یارمەتیدەر بوون بۆ دزینی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بەڵام ئەوتۆ ڕێکلامێک بە تەواوی قانوونیشە،بەڵام لێرە سەداقەتی ئەخلاقی ئەو تاقمە دەکەوێتە ژێر هێمای پرسیارەوە. هەروەک ئەو سی وهەشت کەسە کە هێرش بۆ سەر "کیتی گینۆس"یان دیت و هیچیان نەکرد بەڵام قانوونی نیۆیۆرکیان پێشیل نەکردبوو،بەڵام دەحاڵێکدا ئەرکی ئەخلاقییان بوو کە دەبوو کاردانەوەیان بوایە. دە نەریتی حقووقی ئێمەدا دیارە هیچکەس ئەرکی نەجاتی یەکی دیکەی دە هەلومەرجی مەترسیدا وەستۆ نییە. سالی ١٩٠٨ سەرۆکی زانکۆی حقووقی هاروارد پێشنیار دەکا کە ئینسان ئەرکی سەر شانێیەتی کە "بە هانای خەڵکێک کە دە هەلومەرجی مەترسیدان یان خەریکن دەمرن یان بریندار بوون بێن تا ئەو جێگایە هیچ سەدەمەیەک بە خۆیان نەگەیێنێ " بەڵام ئەو پێشنیارە ڕەت دەکرێتەوە.چونکوو دژبەرەکەی دەپرسێ: کەسێکی دەوڵەمەند کە ٢٠ دۆڵار هیچ پووڵێک نییە بە لایەوە، بەرپرسە منداڵێک کە لە برسان دەمرێ ڕزگار بکا، ئەویش لە وڵاتێکی بێگانەدا؟ جارێ پێم هەر دە دوو پارێزگای وێرمۆنت و مینەسووتا، قانوونی "ساماریتانی خێرخواز" هەیە کە هانەدەری ڕزگاری ئینسانان دە هەلومەرجی مەترسیدار دایە بێوەیکە گیانی خۆیان دە مەترسی باوێن یان بێوەیکە دەست وپێگربن بۆ ئەو کەسانە کە ئەرکی گرینگتریان لە ڕاست ئینسانان وەستۆیە. شتێکی دیکەی گرینگ وەک جێوازی نێوان قانوون و ئەخلاق هەیە. ساڵی ١٣٥١ شای ئینگلستان ئێدوارد قانوونێکی دژ بە خەیانەت دانا کە دەیگووت تەنانەت خەیاڵی

سەرچاوە Serchawe

کوشتنی شا تاوانە، بەڵام بە داخەوە ئەو قانوون قەت بەڕێوە ناچێ، چونکوو هیچ دادگایەک نییە کە بتوانێ سەر بە دڵی خەڵک دابگرێ و لەو نییەتە بکۆڵێتەوە. دیارە ئەوە ڕاستییەکە کە قینەکە هەیە و دەتوانێ ئاسەواری بە سەر ڕەوتی دادگاوە بێ بەڵام ئەوە کاتێکە کە نییەتەکە بەڕێوە چووە. بەڵام سەزای خەڵک سەرەڕای بوونی نییەتی دزێویش بەر لەوەیکە تووشی تاوانێک ببێ، غەیرە قانوونییە. ئەگەر قەرارە نییەتی دزێو تاوان بێ، هەمووی ئێمە نەدەبوو ئێستا لە گرتووخانە بوایەین؟تەنانەت ئەگەر ئێمە توانابیمان بوایە کە نییەتی خەڵک بزانین کەنگێ دەبێ سەزا بدرێن؟ کاتێک تاوانبارەکە لە نییەتی خۆی بدوێ؟ چلۆن بزانین کە تاوانبارەکە نێیەتی خۆی ناگۆڕێ؟ ئەگەر چی نەلواویشە قانوونی دژ بە نییەتی دزێو دابنرێ، بەڵام نییەتی خەراپ هەر خەراپە، وەهەڵەی ئەخلاقییە. وایدابنێ من دەمانچەیەک دەکرم بە نییەتی کوشتنی مام چارڵی تا سەروەت و سامانەکی بە میرات بگرم، بەڵام من قەت ئەوم بۆ هەڵناکەوێ کە بیکوژم، بۆ نموونە (مام چارڵی بار دەکا بۆ ئوستراڵیا) ئەگەر چی من تووشی هیچ تاوانێک نەبووم بەڵام تووشی هەڵەیەکی ئەخلاقی بووم.

## نەریت "عادەت"

جێبەتی سرنجێکیش بدەینە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و نەریت. نەریت دەروانێتە فۆرم و شێوە نەک زاتی یان جەوهەری بوونایەتی کۆمەڵگا، ئەوەش دەمێنێتەوە سەرئەوە کە هەڵسوکەوتی بە ئەدەب و بەحورمەت کەکام هەڵسوکەوت درووستە یان بە ناوەرۆکترە، ئەوەش نوێنەرایەتی ئەوکۆمەڵگایە دەکا کە بۆمان دیاری دەکا چ دەبر بەکەین، سڵاو لە یەکتر بکەین، چلۆن نان بخۆین، چۆن بۆنەکان بگرین، مردوەکانمان چۆن بنێژین، چلۆن سپاسی یەکتر بکەین و جوابی چاکە بدینەوە و بە گشتی معاملاتی کۆمەڵایەتییەکانمان بەڕێوە بەرین. بە بێ لەبەر چاوگرتنی وەیکە خەڵک بە دەستدانەوە، یان کرنۆش، یان ماچ کردنی ڕوومەت، یان دەئامێز گرتن سڵاو لەیەکتر بکەن، ئەوە سیستیمی کۆمەڵایەتییە دیاری دەکا. رووسەکان ئاڵقەی ئیزدیواج دە سێهەمین قامکی دەستی ڕاستیان دەکەن، بەڵام ئەمریکائییەکان دە دەستی چەپیان دەکەن. ئینگلیسییەکان چەنگاڵی بە دەستی چەپ و نەتەوەی دیکەش بە باشی دەزانن کە بە دەستی ڕاست بیگرن. ئینسانەکان لە هیندوستان دەنان خواردندا چەنگاڵ دەکار ناکەن و بە دەستی ڕاستیان پاروو دە زاریان دەنێن. هێندیک لە ئێمە دە چوون بۆ شوێنی موقەدەس "وەک چوونی کلیساکان" سەریان دادپۆشن "وەک ژنانی کاتولیک دە چوون بۆ کلیسا و پیاوان دە چوون بۆکەنیسە" هیچ کام لەو جێوازییانە مەزنایەتییەکی ئەخلاقی بە سەر ئەوی دیکەدا نییە. ئەدەب مەزنایەتی کۆمەڵگای ئێمە دەنوێنێ، بەڵام لەکۆمەڵگایەک نادوێ کە دەبێ ببێ. دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ هاسان کردنەوەی ڕەوتی معاملات، بەڵام نە دە ناوەرۆک و ناوهاخنی ئەو معاملاتانەدا. هاوکات دەتوانێ غەیرە ئەخلاقیش بێ چونکوو لەوانەیە داب ونەریتیش وەپشت گوێ بخرێ. جا دەستدانەوە کاتێ سڵاوکردن یان دەست وەک کەوانە کردن هەر وەک کە هیندییەکان دەیکەن تەواو دەمێنێتەوە سەر ڕەوتی فەرهەنگی.

**بەڵام کاتێک شتەکە جێکەوتن، پێگەی قانوونێکی ئەخلاقی وەخۆ دەگرێ و دەپانتاییەکی زیاتردا لە ڕاست ئینسانەکان حورمەت لە خۆی دەنوێنێ.**

هەر وەک هیچ بەرپرسیارەتییەکی ئەخلاقی لە مەر دەبەر کردنی لیباس دە گۆڕێدا نابێ، بەڵام وەک عادەت بۆ وەیکە خۆمان لە سەرما پاراستبێ و ئەدەب وشەرمیشمان ڕەچاو کردبێ، لیباس دەبەر دەکەین. بەڵام وادیارە هەڵوێستی "نودیست"ەکان "(ڕووتگراکان) کە بە کۆمەڵ و بە ڕووتی دەژیان هەڵە نەبووبێ. بەڵام، ئەو ئینسانانە بیانهەوێ لەدەرەوەی ئەوکۆمەڵە ڕووتانەدا بە ڕووتی بۆ نموونە بچێتە. کلاس، دووکانان، قەراخ جادەکان، زۆر زەق و ناشیرین و نامۆ دەگەل پرەنسیپی ئەخلاقی دەنوێنێ. دەو دواییانەدا هەرایەکی زۆرلە مەر توریستێکی ئەمریکایی کە بە "بێ کینی" یەوە دەچێتە نێو ئاو بۆ مەلە لە قەراخ دەریای باشووری هیندوستان، ئەگەر چی دەبەرکردنی ئەوتۆ جلێکی مەلە هیچ بەزاندنێکی سنووری ئەخلاقی نییە، بەڵام چونکوو ئەو ئەمریکاییە چوارچێوە فەرهەنگیی ئەخلاقی هەرێمەکەی بەزاندووە و ئاگادارانە ئەو نەریتەی پێشیلکردووە، بۆیە بە لادان لە پرەنسیپی ئەخلاقی تاوانبار دەکرێ.

تەنانەت ئەمریکایەک کە شانازی بە تەحەممول، پلورالیزم، وئاشنا بە فەرهەنگەکانی دیکە دەکا،نەریت و عادەت دەتوانێ دە نێو ئینسانگەلێ دیکەش هەر وەک خۆیان، بەستێنێک بێ بۆ تێکهەلنگووتن و ڕووبەڕوو بوونەوە. وەزیرێکی ئەوقاف بیروەرییەکی لە سەرەتای ژیانی هاوبەشی دەگەل خیزانەکەی دەگیرێتەوە. ئەو وخێزانەکەی هەووەڵین خانەخوێی بۆنەیەکی شوکرانەبژێری دەبن، ئەو دەیەویست بۆنەیەکی ئەعیانی کەمتر دەگەل خزم و کەسەکانی خۆی بگرێ بەڵام خیزانەی بە پێچەوانە، ویستوویە بۆنەیەکی زۆر ئەعیانی بەڕێوە ببا. ئەو دەنووسێ. لە ئاشپەزخانە وردکردنی کەلوپەلی چێشت لێنان بە من ئەسپاردرابوو، شتێک کە قەتم نەکردبوو بەلام خۆم بۆ ئامادە کردبوو، بەرەڵبێنەیەکم لە خۆ دا وچوومە ژووری ئاشپەزخانەکە و بە هەموو هێز و هونەرێکەوە کە دە خۆمدا شکم دەبرد، چوومە زگ گوشتی قەلەموونەکە و شەق و پەقم کرد. پێتانوایە چم وەک خەڵات وەرگرت؟ خێزانم بە دەم گریانەوە لەوانە بوو ببوورێتەوە، دە بنەماڵەی ئەواندا قەلەموونە هەووەڵ لە سەر مێزەکە لە بەر دەمی بابی ماڵێ دادەنرێ و ئەو دوعای بە سەردا دەخوێنێ ودوایە لەت و کوتی دەکەن " من ئەو نەریتەی باوک سالارییەی ئەوانم پێشێلکربوو کە دوایەش من نەڕاندم "چت لەمن دەوێ؟"

قانوون، نەریت، دین هەر هەمووی پێکهاتەیگرینگن، بەلام هەر هەمووشیان بەرتەسکی خۆیان هەیە، بەرتەسکی دەستووری مەزهەبی دە ئوتوریتەی پێشەوای دینیدا خۆی دەنوێنێن و ئێمە هیچ ئەمنییەتێک یان گرێبەستێک بۆ سەلماندنی بەرپرسیارەتیمان دە دەستدا نییە یان ئەوبەرپرسە چلۆن لەمەڕ ڕووداوی نەناسراو یان نوێی نە بیستراو ونەدیتراو دەتوانی بیر وڕای خۆی دەرببرێ. چونکوو دین لە سەر بنەمایەکی عەقڵی نییە بەڵکوو بنەمای دین لە سەر وەحی یە. ئەتۆ ناتوانێ بە هیچ بەڵگەیەک یەکی دیکە بێنێیە سەر دینی خۆت و باوەڕێ پێبێنی کە دینی تۆ بەرحەقە. بەرتەسکایەتی قانوونیش دەوەدایە کە ئەتۆ ناتوانی بە قانوونێک هەموو گرفتەکانی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەی. وناشتوانێ ئیدیعا بکەی ئەو چوارچێوەیە تۆ کە داتناوە درووستە. بەرتەسکایەتی نەریتیش دەوەدا خۆ دەنوێنێ کە ناتوانێ بەدڵ بەوە گەیبیشتبێتێ کە چ زۆر گرینگە بۆ خۆت وەک شەخس یان بۆ بوونایەتی کۆمەڵگا. هەر چۆنێک بێ کەسێک بە دەستی کە نان دەخوا دە مانادا هیچ لە گرینگی سەداقەت، مەتمانە بە ئەو کەم ناکاتەوە، نەریت تەنیا فەرهەنگێکی دیتراوەیە، بەڵام ئەخلاق لە شتێکی کەشفکراو زیاترە.

بە کورتی ئەخلاق لە قانوون و نەریت و دین جوێیە، ئەگەر بە قووڵی بچینە ناخی کۆمەڵگا چونکوو ئەخلاق بە دووی بەڵگە و منتیقەوەیە نەک پێشەوای مەزهەبی. ئامانجی سەرەکی لە فەلسەفەی ئەخلاق، دەستەبەر کردنی بنەمایەکە بۆسەقامگیر کردنی پرەنسیپەکان لەمەر هەڵسەنگاندن و دابینکردنی هەلسوکەوتێک دەپەیوەندی نیوان ئینسانەکاندا بۆ سازکردنی کەسایەتیی ئەرێنی. ئەوەش گرینگترین هەڵسوکەوتێکە کە تا ئێستا ئێمە پێیدەزانین، چونکوو باسی ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەبێ بژین.

درێژەی هەیە... بەشی دووهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوو دا.

١٣ی جوونی ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەری : ناوەندی نووچەو شرۆڤەی ڕۆژ

# لە سێدارە دانمان لە هەخامەنشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران



بەشی چوارەم

نووسینی: هۆمەر



## کۆماری ئیسلامی میراتی ٢٥٠٠ ساڵ تاوان و جەنایەتی هەر لە هەخامەنشییەوە تا قاجاڕ

### کۆماری ئیسلامی پاشەڕۆی هەخامەنشەکان و ئاوینەی نمادینی ساسانیەکان و تف کراوەی جنایەتکارانی بوغزاوی سەفەویەکان و نمونەی قین و نەفرەتی قاجارەکان

ناسینی کردەوەکانی میژوی ئینسان بۆ ئەوەیە وڵامی ئەم پرسیارە باتەوە کە هۆی بونی ئینسان چییە؟ لە دەورانی باستان( پیش میژو )فەلسەفە ئەوەبووکە جواب بداتەوە ئینسان چۆن و بۆ چی بەوجود هاتووە بڵام ئیمرۆ بە پیچەوانە بە هۆی ناسینی بەرینی میژوو و تەکامولی بەسەرهاتی میژوویی ئینسان لە سەر ئەم زەویەگردە بۆ ناسینی فەلسەفە گرینگی پەیدا کردووە . لیکۆڵینەوەی میژووی هەر کۆمەڵگایک بۆ ئەوەیە وەڵامی پرسیارەکانی بە جیگا و هوویەت و چۆنیەتی هەبونی و مەرتەبە و شکۆمەندی میژوی خۆی لە کۆمەڵگای جیهان پیدا بکات .لە میشکی هەمومانا ئەم پرسیارە هەیە : چۆن بوو ئیمە کە لە فەلاتی ئیران لە دەورانی باستان (پیش میژوو) ساحەبی گەورەترین و شکۆدارترین تەمەدون و مەدەنییەت بووین بۆ ئیمرۆ ئاوا روخاوین و کەوتوینەتە بەدبەختی و نکبەتییک کە نە هیچ دەبینین و نە هیچ دەبیسین . پیا چونەوە و لیکدانەوەی میژوو بۆ ژیانی ئیستا و چارەنوسی داهاتوی هەر کۆمەڵگایک زۆر گرینگە ئەگەر سەرکەوتن و شکستەکانی کۆمەڵگاکەمان روون کەینەوە دەتوانین بزانین کە چی بکەین و بە چ ریگایکدا بڕۆین ، چۆن رابردوو و هوویەتی ئیستا و چارەنوسی داهاتوی هەر کۆمەڵگایک بە یەکەوە گریدراوە و لە یەک پچرانی نییە. خەسرەوان بە زۆری سەرنیزە ودواتر بە یارمەتی ئایین ساختارو بنەمای کۆمەڵایەتی ئیمەیان روخان و دواتر لەکیشەی بەینی خەسرەوان و ئایین نەتەوایەتیمان تیک شکیندرا .کاتیک ئیسلام هات و بە زۆری شمشیر دەسەڵاتی هینایە ژیر رەکیفی خۆی ودواتر بە یارمەتی خەسرەوان و دەسەڵاتخووازان هوویەتیان لەبەین بردین . خەسرەوان نەتەوایەتی ئیمەیان بەو نەتەوایەتیەی کە بە زۆر و کوشتار بۆخۆیان تاشیبوو تاریف دەکرد وهوویەتیشمان بە بیروای ئایینی تاریف دەکرا .ئەودەم ئیمەی کورد بوین بە گەلیکی بی نەتەوە و بی هوویەت . لەم کیشەی خەسرەوان و ئایین بۆچی بووە هۆی ئەوە ئیمرو ئاین لە دەسەڵاتدایە ؟ بۆ کۆماری ئیسلامی ئیمرۆ شکوداری دەسەڵاتە؟بۆ کوماری ئیسلامی توانیویەتی دەسەڵات و نیزامیکی ئاوا بە هیز پیک بینیت ؟ بۆ کۆماری ئیسلامی ئیمرۆ بە دژی نەیارانی و بەدژی هەموو ئوپوزیسیونەکان سەرکەوتووە ؟ بۆ کۆماری ئیسلامی لە سیاسەت و بەریوەبەری ناوخۆیی سەرکەوتووە (قسەمان لە سەر شیوەی بەریوە بەری و سەرکەوتنەکە نیە) و هوی سەرکەوتنەکانی لە سیاسەتی دەرەوە و نیونەتەوەیی بە تایبەت بە دژی ئامریکا چییە ؟ ئیمروو کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست یەکیک لە خالە سیاسیە بەرچاوەکانە . بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە و چۆنیەتی و هۆیەکانی بۆ ئەم مەبەستەلە چەند نوسراوەیا لە ژیر ناوی : (با کۆمەڵگای ئیران و کۆماری ئیسلامی بناسین) چاوخشکانیکی چروپرم بە سەر میژووی فەلاتی ئیران تا کۆماری ئیسلامی کردووە پیش ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانمان بدەینەوە و ئەو هۆیانەی کە بونەتە هۆی پیک هینانی کۆماری ئیسلامی لە نوسراوەکان ورگرین بە پیویستی دەزانم کە تەوسیفیک لە کۆماری ئیسلامی بکەین ئەڵبەتە ئەم تەوسیفە بە مانای باسی ساختار و بونیادی کۆماری ئیسلامی نییە بەڵکوو دەمانەویت شکل وقەوارە و فورم و بەریوەبەرایەتی و دەسەڵاتی ئەم نیزامە باس بکین کە چۆنە . ئەودەم لیکدانەوەی دەکەین تا ئەو هۆیانەی کە بووەتە هۆی پیک هاتنی ئەم نیزامە بناسین ؟ کۆماری ئیسلامی ناتوانیت هەر خۆی عیلەت و معلول بیت بەڵکوو ریشەی لە میژوودایە لە ٢٥٠٠ ساڵ لەوەپیش بە تایبەت لە ١٦٠٠ سال لەمەپیشەوە لە هیرشی عەرەب بۆ سەر ئیران دەبی وەی بینین .

وتمان گەل لە زەبرو زۆری خوسرەوان بە تەنگ هاتبوون و موبدی موبدان بۆ زیندو کردنەوەی دەسەڵاتی رابوردویان لە دەورانی هەخامەنشەکان وعدەو نەویدیان دا بە خەڵک و بە ناوی ئەهورامەزدا خەلکیان فەریودا و جەماوەر بە پشتگیریان راپەرین و حکومەتی مەزهەبی ساسانیان دامەزراند ئاتەشکەدەکانیان بە شیوەی هەخامەنش زیندو کردەوە و هەمو ئختیارات لە دەست موبدی موبداندا بوو و شایان وەک مەتەرسەک هیشتەوە . ئەم جارە بە پیچەوانەی کورش ئەوە ئائین بوو کە دەسەڵاتی بە زۆری شمشیر و سەرنیزە خستە ژیر رەکیفی خۆیان و حکومەتی مەزهەبیان بونیاد نا . هەر کەس زەردوشت نەبوایە یان دەکوژرا یان لە کۆمەڵگا دوریان دەخستنەوە و بی نان و ئاو روانەی جیگای بی بەرهەمیان دەکردن . سەرەرای ئەوە کەوتنە گرتن وئشکەنجەو کوشتاری زەردوشتیانی(موخ) ماد . بە فیڵ و کەڵەک و خیانەتی شا ئقبال(خوسرەوان) بە جەنایەتکارترین شیوە ئەنەوشیروان کوڕی ئقباڵ شا مەزدەک و مەزدەکیانیان قەتل و عام کرد و دەست خۆشانە لەقەبی عادڵیان خەڵات کرد .زەبرو زەنگ و قوڵە چاڵ و باج و خەراج و سۆخرە(بیگاری) و ناردنی لاوان بە زۆرە ملی بۆ شەر ژیانیان بە خەڵک هەڵ چنیبوو ، بۆیە کاتیک ئیسلام هات و گەل دورژمەکانیان بیست، پییان وابوو لە سایەی ئیسلامدا ئاهیک دیتە ناو ژیانیان بۆیە لە بەرامبەر هیرشی عەرەب خۆراگرییان نەکرد و سپاکانی ساسانی خۆیان تەسلیم دەکرد و لە هیچ شەریکدا ساسانیەکان سەرکەوتنیان نەبوو ، خەلک بە زویی تیگەیشتن کە ئەمجارەیش بە هەڵەدا چون لە ساڵی ١٣٥٧ گەل راپەری هەر وەک موبدانی ساسانی رابەرانی ئائینی شیعەی ئسناعەشەری هاوساری ئەم راپەرینەیان لە دەست خۆ گرت هەر وەک موبدانی ساسانی هەموو لە وعدە و نەویدەکانیان ئاگادارین . حکومەتیکی ئیدەئۆلوژیکی مەزهەبی ئیرتیجاعی شیعەیئسناعەشەری دژ بە زەحمەتکیشان دژ بە دیموکراتییەت دژ بە مرۆڤیان دامەزراند . هەروەک کە ئاگادارن پاش ئەوەی کە کۆماری نگریسی ئیسلامی باڵی رەش و نیکبەتی بە سەر کوردوستاندا داسەپاند و هەژاری و نەداری و برسییەتی و ئاوارەیی بۆ خەلقی کورد بە دیاری هینا شەقامەکان و

کۆڵانەکان و کێوەکانی کوردوستانی بە خوینی بە کۆمەڵی کوڕان و کچانی ئێمەی کورد ڕەنگین کرد، و چەپ و کۆمونیستەکانیان ڕەشەکوژی کرد ، هەر وەک ساسانیان کە مادەکان (کورد)یان بە ناوی زەردوشت و مەزدەک قەتل و عام کرد . ئەم هیزە کۆنپەرەست و داگیرکەرە تا ئیستا لەهیرش بردنە سەر حاڵ و ماڵ و ژیانی ئەم گەلە و ئازارو ئەشکەنجە و تەوهین و بی حورمەتیی بە عیزەت و کرامەت و پی شیل کردنی مافی گەلەکەمان هەروابەردەوامە .شانبەشانی سیاسەتی سەرکوت و خەفەقان، حکوومەتی ئێران هەمو شەریکە و کارخانە تەولیدیەکانی هیناوەتە قەیران و شەریکە تەولیدییەکان وەک نەوت و گاز و بەرق و تەلەفون تایبەتمەندی کردووە بە خۆی و سپای پاسداران و هەزاران کریکار بی کار بوون وهەمو ئیمکاناتیکی ژیان،ئابوری و شوغل و کار و دوکتور و دەرمان لی هەڵچنیوە و کۆمەڵگایکی فەقیر و هەژاری پیک هیناوە هەمو میلەتی کردووەتە سەدەقە بگیر بە ناوی یارانە . ئیمکانی خویندنی گەنجان و لاوان بە هوی دەست تەنگی گەیانووەتە سفرو هەمو زانکۆکان خراونەتە ژیر چاودیری پولیس و سازمانی ئیتلاعات ساواما و زۆر کاتی خوێندنیان بە مسائلی ئیدەئولوژی ئیسلامی و قورعان سەرف دەبیت . بەڵام لە لایکیترەوە هەزاران سازمان ومەکتەبی قورعان و ئیدەئۆلوژیکی و بەسیجی،مەکتەبی ئیسلامی شیعە وئنسار و فیدائی و حیزبوڵلا و ساوامای دامەزراندون و لە پاڵیا سازمانهایەکی مافیایی بۆ پەرەسەندن وبڵاو کردەنەوەی مادەکانی بی هوشی و لەش فروشی و گەندەڵی و جەنایت و تروروکوشتن بە تایبەت لە کوردوستان بە مەبەستی تیکشکان وبی کەرامەت کردنی گەنجان و لاوان پیک هیناوە. سەرانسەری وەڵات میلیتاریزە کراوە و بە تەواوی سەرقالی پیک هینانی سیلاحی شیمیایی و بومبی ئەتومەهە بۆ داسەپان و سەقام کردنی مەرامەکانی ناوخۆیی . بەربەرەکانی دەسەڵات و گەندەڵی و دزی گەیشتووەتە عاستیکی زۆر بەرزەوە بەم هۆیەوە سەرنەکەوتنی پرۆژەکانی بووەتە هۆی شڵیژاوی و تیکشکانی ئابوری و نارزایەتی زوربەی زۆری گەلانی ئیران . کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەت وجودی نییە، لە واقیعدا بە زۆرو ئشکەنجە و لە سیدارەدان و خنکاندی و کوشتن و درو و دەلەسە کەڵەک و فەریو بە یارمەتی هیزە سەرکوتگەرەکانی و ئەو ئورگانە گەندەڵانەی کە باسمان کرد حکومەت دەکات . ئەمە بوەتە هۆی نیگەرانی و پەرۆشی دوکترینی دامەزرینەرانی کۆماری ئیسلامی و مەترسییان هەیە کە دەبیتە هۆی بی باوەری و نامتمانەیی خەلک بە ئیسلام و نیزامی کوماری ئیسلامی . بەو نەتیجە و تەوافوقە گەیشتن کە روخساریکیتر لە خۆیان بە جیهان نیشان بدەن و بۆ فەریودانی خەلک و پیک هینانی تەوەهوم و تەفرەقە لە ناو خەلک و ریکخراوەکان لە زاهیردا بۆ ماوەیک دەبیت هەر چی زووتر رفورم و ئیسلاحات بکریت. لەم پێناوەدا جەماعەتیکی رفورم خوازی پیک هات و محەمەدی خاتەمی وەک سەروک کومار دەست نیشان کرا و دەسەڵاتی دیاریکراوی بە دەستەوە گرت، بەڵام حکوومەتی ئیسلامی بەهیچ شێوەیەک نەزەری ئیسلاحات نەبووە بەڵکو نیازیکیتری لەم بە ناو ئیسلاحات بووە. بەڵام لە هەمان حالدا دەرفەتیکی باشی خوڵقاند بۆو لیهاتوان و زانایانی کورد لە ناو کۆڕی هەڵسورانی خەباتی مەدەنی(سیاسی و کۆمەڵایەتی)وهەروا خویندن و نوسین بوۆە هوی دەرچونی سەدان ڕۆزنامە و مەجەلە و سیستمی سیخوری رژیمیش دەست نیشانی دەکردن سەرەنجام وەک ئیشارەم پێکرد کاتیک دەسەڵات بە مەرامەکانی گەیشت رفورمیستەکان بەرە بەرە پاشەکشەیان کرد و پرۆژەکەیان ڕوو لە شکست هینا . دوای خاتەمی لە ساڵی ٢٠٠١ - ٢٠٠٤ هەڵسورینەرانی کورد ماوەیکی کورت توشی سەرەخولە هاتن . و لە لایکیترەوە ئیسلاح تەڵەبان بونە هۆی شەق کردنی سەفی خەباتکاران و روناکبیران بە ناوی گوفتوگوی تەمەدونها و بە ناوی ئیسلاح تەڵەب زوربەی نارازیەکانیان لە کۆماری ئیسلامی بە لای خۆیا ڕاکیشا و لە ناو ریکخراوەکانیشدا بە تایبەت ریکخراوە کوردییەکان کە لە خەبات و لە کەل پچرابوون و کۆماری ئیسلامی نفوزی تی کردبوون بە عینوانی ئەوەی کە کاتی چەک نەماوە کاتی وتوویژە و لەم ریگاوە داخوازی و گرفتە سیاسییەکان چارە دەکریت ئاشبەتاڵە کەیان تەوجیە کرد و تەنانەت خۆپاراستنی روایشیان ئیدانە دەکرد . کۆماری ئیسلامی لە ریگای ئەم ریکخراوە کلاسیکانە و بریک روناکبیرانی ناوەوە جبهەیکی بە مەبەستی شڵیژانی بیرو باوەری گەلی کورد و بی متمانە کردنی خەلک بە شۆرش و ریکخراوەکان و بە تایبەت بە دژی ریکخراوە شورشگیرو وخەڵکیەکان کردەوە کە نە تنیا لایەنگری خەباتی چەکداری نین بەڵام خۆپاراستنی روا بە حەقی حاشا هەڵنەگری خۆیان دەزانن کە بە مەزاقی کوماری ئیسلامی نیە و بەم شیوەیە ریکخراوەکلاسیکەکان لە گەڵ بریک روناکبیرانی ناوەوە بونە گۆپال بە دەستی کوماری ئیسلامی . کاتیک کۆماری ئیسلامی بە هەدەفەکانی گەیشت زۆر بە خیرایی ئیسلاح تەڵەبانی بە پاسیف کیشا و بەم بیانووە ئیسلاح تەڵەبانیش دەستیان کیشایەوە ومەیدانیان بۆ سونەتگرایانی ئوسوڵگەرا چوڵ کرد ئیستا کاتەکەی خاتەمی تەواو نەبوبوو کە گرتن و برینی چالاکانی تازە ناسراو دەستی پی کرد . ئەودەم بۆ هەڵبژاردنی دوایی رابەری و ئوسوڵگرایانی کۆماری ئیسلامی کە هەموو پایگاکانیان لە کونترولی خۆ دەبینی محمودی ئحمەدی نیژاد کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا بە دانی یارانە و کوپونگ و رشوە و سەدەقە زەحمەتکیشانیان ئامادە کردبوو کە لە هەڵبژاردنی داهاتوو رئی بدەنی کۆماری ئیسلامی بۆ بازار گەرمی وفەریوی خەڵک بە خاتر جەمییەوە و بۆ ئەوەی بە جیهان نیشان بدەن کە لە کۆماری ئیسلامی ئازادی هەیە و حەقی دەنگدان و هەڵبژاردن هەیە هەر لە جیبهەی خۆیان لە ئسوڵ گەرایان دوو حەڵقە لە گوۆی خۆیان هەڵبژارد بە ناوی موسەوی و کەروبی . کاتیک هاتنە ناو شەقامەکانی تاران کە بۆ لایەن گرانیان پروپاگەندە بکەن لە گەڵ کوبونەوەی ملیونی خەلکی تاران روبەرو بوون توشی سەرسورمان بوون و بیستیان کە دروشمی خەلک بە پیچەوانەی دروشمەکانی ئەوانە و دروشمی نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و بمریت خامنەیی بەرز بووەوە سیستمی کۆماری ئیسلامی و نوکەرانیان و بە ناو رابەرانی ئوپوزیسیون توقان و ترس تەواوی لەشیانی داگرت و بە بڵەنگۆ هاواریان کرد ئەم دروشمانە نابیت بدەن ، بەڵام دەنگی لەرزۆکیان لە ناو خەڵکدا ون بوو موسەوی و کەروبیان لە مەیدان رفاند ئەم رابەرە دروزنانە پشتیان کردە خەلک ئەودەم هەمو هیزە سەرکوتگەرەکانیان بە بسیجی و حیزبوڵلا و سپا وساواما (بە ناوی لیباس شەخسی) زۆر دەرەندانە پەلاماری خەلکیان دا بە تایبەت لە زانکوکان و هەزاران کەسیان بە لیدان و شەق و باتوم و زنجیر وقۆناخەتفەنک برینداروقۆل بەست کرد و رەوانەی زیندانەکانیان کردن و تەنانەت بە کریگراوانی حەماسیان بە یارمەتی هینایە مەیدان باوەریان نەبوو کە پیلانەکانیان لە لایەن گەلەوە ئاوا تیکبروخێت . لایەنگیرانیان ئەم راپەرینەیان ناونا ڕاپەرینی سەوز لە حالیکدا ئەمە ڕاپەرینیکی لەوە پیش دارژاو و بە بەرنامە نەبوو و ریکخراوەیک بە پەیرەو و پروگرام و ئەساسنامە و مەرامنامە نەبوو هەروا کە وتمان ئەمە پیلانیک بوو بۆ نووانەدنی روخساریکی نوۆی لە کۆماری ئیسلامی بە جیهان و بە تایبەت بۆ فەریودانی خەڵک بوو لە چووار چیوەی هەمان نیزامی کۆماری ئیسلامی شیعەی ئسناعەشەری ولایەتی فەقیە ڕاپەرینیکی خودجۆش بوو لە چینی نیوان(وەسەت) و روناکبیران. ساحەبی هیچ ڕابەریک و پروگرامیک نەبوو و چینی کریکار و زەحمەتکیشان و فەقیر و هەژار و بازاریان بەشداریان تیدا نەبوو بۆیە بە ئاسانی تیک شکا ۆ هەزاران چالاکی سیاسی بۆ رژیم ناسران و لە بەینی بردن و زیندانی کردن سەرەرای کوشتاری لاوان لە زیندانەکان لە تەواوی شارەکان لە مەیدانەکان سیدارەکانیان دامەزراند و هەمو ڕۆژیک دەیان لاویان لە سیدارەدەدا بە تایبەت کوشتنی لاوانی کورد زۆر عادی بوو و ئیستایش گرتن و ئشکەنجە و ئعدامی لاوانی کورد هەربەردەوامە و بەم شیوەیە ترس و وەحشەت و رکودی سیاسی ساڵەکانی ١٣٦٩یان زیندوکردوەتەوە. هەموو پروژە ئابوریەکانی وەڵات وەلا خراوە شیرکەتە تەولیدیەکان کەوتونەتە قەیرانەوە تەواوی بەرهەمی نەوت و گاز و...بۆ میلیتاریزە کردنی وەڵات بە کار دەروات سەدان پیگەی نیزامی بە ناوی پیگەی ئیمامی مهدی،خاتەمەلئەنبیا، و...... پیکهیناوە و لە هەوڵایە کە دەستی بگاتە سیلاحی کیمیایی و بومبی ئەتوم و ئەوەڵین و گرینگترینی بکار هینانی ئەم سیلاحانە لە ناوەوەی وەڵات بۆ توقاندنی گەلانی ئیران بە تایبەت گەلی کورد بۆ سەقام گیر بونی نیزامی نگریسی ئیسلامی و پەرەپیدانی لە کەنداوی ناوەراست کە ئامادەی بکات بۆ ئیمامی زەمان ئیمامی مهدی سیاسەتی دەرەوەی هەر وەک سیاسەتی ناو وەڵات لە سەر درۆ و دەلەسە و فریو و وعدە و تەفرە ڕۆیشتن و ئاژاوە و تەفرەقە و پشتیبانی لە گروە و دەستە و سازمانی تروریستی بۆ ئاژاوە

نانەوە و دەست خستنە ناو وەڵاتانی دراوسی بۆ پیکهینانی ئاژاوە و دژمنایەتی و پەرەپیدانی فەساد و سەوداو وبڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەرو شەبەکەی سیخوری و مافیایی،دەبی دیان بەوەدا بنین کە کۆماری ئیسلامی لەم بابەتەوە تا ئیستا سەرکەوتوو بووە .

**ئایا کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی وڵات حکومەت دەکات ؟**

دەبی ئەوە بڵیم کۆماری ئیسلامی لە واقیعدا بە شیوەیکی نورماڵ و ئاسایی و یاسایی نیو دەوڵەتی حکومەت ناکات دەتوانم بڵیم لە حەقیقەتدا دەوڵەتی لی نییە . تەنیا لە ژیر سیبەری زەبرو زەنگ، لیدان،گرتن،ئشکەنجە و ترور و ئعدام و لە سیدارەدان و سانسۆرو کونترولی فکری وفەرهەنگی و ئخلاقی و یارمەتی هەمو دەم و دەستگا رەسمیە سەرکوتگەرەکانی وەک سپا، بەسیج، حیزبوڵلا،ساواما و سەدان ئورگانهای عقیدەتی ئیدەئۆلۆژیکی و سەدان گروە و ریکخراوەی عەلەنی و ژیرزەمینی مافیایی ، پیک هینانی بەم ترس و وحشەتە بی وینەیە حکومەت دەکات .

**ئالترناتیوەکان کامەن؟ئەم حکومەتە ئوپوزیسیونی هەیە؟ کامەن ئەم ئوپوزیسیونانە؟**

بۆ رونکردنەوەی ئەم خاڵانە بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین فەلاتی ئیران دەکەمە دوو بەش پارس و رۆژهەڵاتی کوردوستان لە واقعدا پارس و میلەتی کورد بە جیاواز باس دەکەین. بونیاد نانی ژیان وتەمەدون و شارستانیەتی و مروڤایەتی لە جیهان کی بوو

پارسیان یان قەومی فارس ( پارس) کێن ؟ لە کوویوە هاتون قەومی ئاریا راستە یان درۆیە ؟ واقعییاتەکانی میژوو چیمان بۆ باس دەکات ؟

لە بەشەکانی دیکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بخوێنەوە

سەرچاوەکان :

١ . تاریخ ایران نوسینی: ن و ۆیگولوسکایا . آ.یو یاکوبوسکی . ای. پ . پطروشفسکی . آ م بلێتسکی . ل و استرویوا . ترجمە کریمی کشاورز

٢ . تاریخ باستان ایران نوسینی دیاکونوف

٣ . تاریخ اجتماعی ئیران تالیف مرتضی راوندی

۴ . نوسراوە لە سەرچاوە جۆراوجورەکانەوە

## عەشیرەی فارس و دژایەتیی ئازادی و دێموکراسی

بەشی ئەوەڵ لە هەخامەنشەوە تا هاتنی ئیسلام . بەشی دوو لە ئیسلامەوە تا ئیمرۆ

عەشیرەی پارس بە دریژایی میژوویان چ کاتیک لە دەسەڵاتا بوون چ لە دەسەڵاتا نەبوون خاوەن و لایەنگری بیروڕای ئیرتیجاعی دژی مرۆڤایەتی، دیموکراسی و ئازادی بوون ئەو هۆز و عەشیرەتانەی کە بەردەوام دەستیوەردانیان لە فەلاتی ئیران کردووە لە دەیژخایەندا رۆڵیکی کارگەریان لە پیکهاتەی فەرهەنگی ئیران بینیوە بونەتە بەشیکی دانەبراو لە فەرهەنگی ئەم هەریمە هاوکات لە گەڵ پاراستنی ناسنامە و فەرهەنگی خۆیان کاریگەریکی زووریان لە سەر فەرهەنگی زاگروس دانا و ئەم فەرهەنگە وەک فەرهەنگی سیکاکان ناو دەبریت و لە میژوی گەلانی کۆن ئەنتیک کەم قۆباخ هەیە کە سیکاکان تیدا بەشدار نەبن ئەم گەلە بە ناوە جیاوازەکانی سیت، سکیت، سیتەکانی، و ئشکانییەوە ناسراون و سەرچاوەکەیان لە قەفقازەوەیە بەڵام میژوونوسانی تورک هەوڵیان داوە کە زمانی ئەوان وەک بەشیک لە زمانی ئاڵتایی بنوێنن ی‌ەلام ئەم گەلە نە زەرد بوون و نە زمانیان ئاڵتانی بووە و فارسەکان خۆیان بە عەشیرەی پارسیو و پارس ناو دەبەن و سلسلەی هەخامەنش بە خۆیان دەزانن , بە دوای هیرشی ئسکەندەر و راپەرینی گەلانی ئەم دەوەرە بە دژی زوڵم و زوور بە تەواوی بی دەسەڵات بوون. (۵۵۹ - ٣٣٠ پیش زانین) . پارسەکان بۆ ماوەی پتر لە پنج سەد( ۵٠٠ / ۶٠٠) ساڵ لە میژوی ئیران وون بوون بە تەواوی هیزو توانایان بە یارمەتی میژوو نوسانیان و رۆناکبیرانیان تیدەکۆشن کە ئەم گەلە سیتەکان بە گەلیکی بیگانە بناسینن لە میژوویان و بە تایبەی لە مەکتەنەکان ئەم بەشە مەزنە لە میژوو بۆش و بە تەواوی سکوتیان کردووە و بووەتە پرسیار بۆ هەموو قوتانییک . بەریوەبەری کۆمەڵگای سیتەکان نامەرکەزی و بە شیوەی کونفدرالیسمی دیموکراتیک بووە و بەرێوەبەری ژنانیان هەبووە و ساحەبی توێژیکی ریبەری عاقلمەندانە بە ناوی (داە) یان بووە و هەمو عشیرەتەکانی سیک بۆ یاسای گرینگی کۆمەڵایەتی و شەر و سولح و پەیمان بە فەرمانی ئەم مەجلیسە (داە) بەریوە چووە . زوربەی زووری سیتەکان لە زاگروس نیشتەجێ بوون و جێ بچوک و گەورە وەک شاری سەقزیان سازکردووە سەرکەوتنی مادەکان لە شەر لە گەڵ ئاشوریەکان بە راکیشانی سیتەکان بۆ ناو کونفیدراسیونی خۆیان بووە . سیتەکانی زاگروس لە پیناوی پیشکەوتن و سازکردن بونە بەشیک لە گەلی کورد . سیتەکان هەرگیز دەسەڵاتی خوسرەوانیان قەبوڵ نەکرد (وەڵاتی ئازاد) و باسمان کرد کە چۆن کورش بە دەستی ژنیک یەکیک لە رابەرانی سیت کوژرا و لیرەدا رۆڵی ژنی سیت دەبینین هەر بویە یەکیک لەو گرووپانەی کە لە لایەن داریوشی هەخامەنش کۆمەڵکوژی کران سیتەکان بوون . سیتەکان بە هاوپەیمانی مادەکان، لە گەڵ سلوکیەکانی یونانییەکانی دوای ئسکەندەر بە شەر هاتن و لە هەریمی ئیران وەدەریان نان (سلوکیان ٣٣٠ - ١٢٩ پیش زانین ) و هەروا سیتەکان بە هاوکاری مادەکان لە شەری گەورە لەگەڵ رومیەکان و داگیرکەری ئیمپراتوری روم و ئوروپائییەکان کە بە نیاز بوون جیهان داگیر کەن راوەستان و بەریان پی گرتن . سیتەکان لە گەڵ سێ ئیمپراتوری گەورەی ساسانی/ خاقانی تورکی ئاسیای ناوین / ئیمپراتوری چین شەریان کرد . فەرهەنگ و زمانی سیتەکان کاریگەری بە هیزی لە سەر رۆژهەڵات و ئەفغانستان داناوە و ئیستایش هەر بەردەوامە(وەڵاتی ئازاد) .سیتەکان تاکتیکی شەری تایبەت بە خۆیان بوو (پیشوو باسمان کردووە) زوور شوجاع و شەرافەتمەند بوون و زوربەی پاڵەوانەکانی ئەودەم و پاڵەوانەکانی ناو شانامە ریشەی سیتەکانیان هەیە وەک زاڵ، رۆستەم، ئەسفەندیار و گودەرز و....((فەرهاد سومبولی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای راستینی ئینسانی ئازاد و شەرافەتمەند و رەنجدەران و بەشمەنەتانە(دەسەڵاتی سیتەکان یان ئشکانییەکان) . شیرین سومبولی خۆشەویستییکی پاک و بی گەرد(کۆمەڵگای رەنجدەران) . خوسرەو سومبولی دەسەڵات زوڵم و زوور و جەنایەت و نیفرەت و ساحەبی مادییاتە کە دەیەوی عشقی شیرین بە زوور و مادیات بە دەست بینیت و نیهایەت بە پیلانگیری نامەردانە فەرهاد دەکوژیت (دەسەڵاتی عەشیرەی و نەوەکانی پارسیو پارس). سیتەکان باوەری چەند ئیزەدی بە تایبەت میترائییان بووە و بۆ بیرو باوەریەکانیتریش ئاوەڵە بوون (بۆیە لە رۆژهەڵات و باکوری ئیران بە رادەی بەشەکانیتری ئیران دژایەتی لە گەڵ بیرو باوەرەکانیتری غەیری ئیسلامی ناکریت) سیتەکان هەرگیز زەردەشتی رەسمی موبدەکان (هەخامەنشیان و نەوەکانیان) قەبوڵ نەکرد سیتەکان لەو

ئەتنیسیتانە بوون کە لە وڵاتی مادەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتی خەسرەوانی و دینی ڕەسمی خۆڕاگری گەورەیان کرد ، زوربەی ئەو تەریقەتانەی کە لە دژی دەسەڵاتی موبدەکان تیکۆشانیان دەکرد سیتەکانیان تیدا بوون . باوکی مانی ئندامیکی بەرگ سپیەکان لە عەشیرەیٚ سیت بووە . سیتەکان بە هزاران ساڵ رۆڵیکی بەرچاویان لە ئیراندا بووە و خاون دەسەڵات بوون. ئەوەی کە میژوونوسانی ئیرانی زوور بە لاوازی بە ناوی پارت یان ئشکانیان باسی دەکەن لە واقیعدا زنجیرەیک لە حوکومداری هۆزە سیتەکان بووە ( ٢٥٦ پیش زانین٢٢٤ میلادی)کە بە شیوەی مەجلسی داە بەریوە چووە .

لە نوسراوەکانی میژووی ئیران (سایتی هەڵوێست بەشی نوسەران ـ هۆمەر) باسمان کرد پاش هیرشی ئسکەندەر بۆ سەر ئیران و ڕوخانی دەسەڵاتی هەخامەنشەکان لاوان و پیاوانی سپای جاویدان کە بەشی زووریان لە سیتەکان ئەشکانییەکان) بوون گەرانەوە بۆ ناو بنەماڵەکانی خۆیان لە شیمال و شیمالی ڕۆژئاوای ئیران و لە گەڵ عەشیرەتەکانی مادەکان یەکیەتی و کونفدراسیونیکی رابەرییان پیک هینا و هیرشیان بردە سەر سلوکیەکانی دوای ئەسکەندەری روم و تیکیان دەشکینن و لە ئیران وەدەریان دەنین و حوکومرانییٚکی بە شیوەی کونفدرالیسمی دیموکراتیک کە ساحەبی مەجلسی (داە) بوون دادەمەزرێنن و ئەم مەجلیسە رابەری عەشیرەتەکانی سیتەکان و مادەکان دەکات و یاسای گرینگ لەم مەجلیسەوە دەردەچیت . شا دەسەڵاتی زووری نەبووە بریاری گرینگ بە ئستۆی مەجلیس بووە وەک بریاری شەر یان سولح و یاسا گرینگەکانی ناو کۆمەڵگا لە ئختیاری مەجلیس بووەو شاکان نە بە ناوی خۆیانەوە بەڵکو بە ناوی سیت یان ئشک یەک و دوو و سێ و....ناوزەد کرابوون . هۆی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتداریەتی سیتەکان یان ئشکانییەکان لەم بەشە لە وەڵات لە چەند خاڵدایە .

١- ڕاوستان و شەری گەورە لەگەڵ رومیەکان و داگیرکەری ئیمپراتوری روم و ئوروپائییەکان و بەریان پی گرتن لە داگیرکردنی جیهان . و پاراستنی وەڵاتیان لە بەرامبەر هیرشی داگیرکەرانەی روم و ئوروپائییەکان و شەریان لە گەڵ ئیمپراتوری گەورەی خاقانی تورکی ئاسیای ناوین و ئیمپراتوری چین .

٢- ئەم شەرانە بووە هۆی کوژرانی لاوانیان و زۆربونی فشاری ئابوری و ماڵیات لە سەر خەلک و لاوازبونی ئاوەدانی لە وەڵات .

٣- دژایەتیی عەشیرە شازادەکان و نەوەکانی هەخامەنشی و موبدانی مورتەجعی لایەنگیریان بە شیوەی پیلانگیری و خیانەت بونە هۆی پیکهاتنی ناتەبایی لە بەینی بریک لە سەروک عەشیرەتەکان و لە مەجلسی داە هاتنەدەری و بریک لەم سەروک عەشیرەتانە چونە پاڵ ئەم شازادە و موبدانەوە و بووە هۆی سەرەڕۆیی بریک لە پاشاکانی ئشکانی هاوکات موبدانی ساسان کەوتنە فەریوی زەحمەتکیشان و بە دژی سیتەکان هانیان دان نوشیروان لە تایفەی شوانکارە بە یارمەتی عەشیرەی ساسان هیرش دەبەنە سەر سیتەکان و ئشکی ٢٩ (ئردەوانی پنجەم) تیکدەشکینن و بە دەسەڵاتی سیتەکان لەم دەڤەرە دوای ٤٩٦ ساڵ دوایی دینن هاوکات بیرو باوەری نوێی پیشکەوتنخوازانە و ئاینهایکی نوێی وەک مەسیحی ، یەهودی ، مانی ئیسلام هاتە ناو کۆمەڵگاوە موغانی زەردەشت بە پی وەزعییەتی نوێی کۆمەڵگا بە پیویستیان زانی کە چاویک بە ئائینی زەردەشتدا بخشکیننەوە لە سەر بنەمای بیرو باوەری مانی ئائینی مەزدەک هاتە گۆڕی کە تئوریسییەنەکەی موخیکی زەردەشتی بە ناوی خورگان بووە بیرورای مانی لە سەر دوو ئسڵی نور و تاریکی بووە کە لە نیهایەتدا نور لە تاریکی رزگاری دەبیت مەزدەک کە دانیشتوی بیزانس بوو ولە گەڵ فەلسەفەی یونان و هەروا ئیفلاتوم ئاشنابوو بە پەیرەوی لە بیرورای ئوستادەکەی زەردەشت خورگان دەیوت هەموو موهیبەتەکانی تەبیعەت بۆ مەسرەفی گشتی هەموو کۆمەڵگاکانی ئینسانییە دەیوت ئینسان لە کۆمەڵگایا وەک یەک وان هیچ فەرقیان نییە و یەک مافیان هەیە خوازیاری مساوات و عەداڵەت و وەک یەک بوونی ئینسان لە مالکییەت و سەروەتدا و خوازیاری تەوزیعی عادلانەی سەروەت بوو ئەمە لە گەڵ ساختارو کۆمەڵایەتی ساسانییەکان سازگار نەبوو چونکە لە سەر ئساسی تەشکیلاتیکی چینایەتی بونیاد نرابوو مەزدەک سەروەتمەندان و دەربارییانی ساسانی دەعوەت بە تەعدیلی سەروەت و ژن دەکرد جونکە ژنانی زوور لە شەبستان و خورەم سەراکانی دەرباری ساسانی بوو و لە لایکی ترەوە مەزدەک هەروەک موغانی زەردەشتی لە دەورانی دەسەڵاتی هەخامەنشەکانەوە موخالفی خەسرەوان و دژی پشتیبانی زەردەشتی موبدان لە خەسرەوان و دژی دەخاڵەتی مەزهەب لە دەسەڵات بوون و دژی حەرەمسەرای خەسرەوان بوو و یەک ژنی تەوسییە دەکردهەوڵی ئەدا کە دەستی موبدانی ئائینی لە بەریوە بردنی سیاسی وەڵات کەم کاتەوە و خوازیاری کەم کردنەوەی ئاتەشکەدەکان بوو مەزدەک تیدەکۆشا کە ئیمتیازاتی مقامات کەم کاتەوە و یاساکانی کۆمەڵگا بە سودی رەنجدەران بگۆری . ئەمە بووە هۆی تورە بونی موبدانی زەردەشت و دەربارییانی ساسانی ئاروژاند و هەر وەک کاتی دەسەڵاتی هەخامەنشەکان مافی مرۆڤ و تەوزیعی سەروەت و لابردنی حەرەمسەراکانیان لە گەڵ سروشتیان نەدەهاتەوە بوویە بە هەموو هیز و تووانا بە دژایەتی لە گەڵ مەزدەک ڕاوەستان تەنانەت لە گەڵ مەسیحییەکان کە فەلسەفەی ئائینەکەی ئەوانیش پشتیبانی لە دەسەڵات و سەرمایەیە جبهەیکیان بە دژی مەزدەک پیک هینا و لە یەک سەفدا بە دژی مەزدەک بە دژی مرۆڤایەتی و ئازادی و کەرامەتی ئینسانی ڕاپەرین . ئامۆژگارییەکانی مەزدەک بە زوویی بوو بە سروشتی ملیونی زەحمەتکیشان و رەنجدەران ئقباڵ شا کاتیک دی کە جەماوەری ملوینی خەلک گوێی ڕایەڵی مەزدەکن بۆ ئەوەی خۆی بە خۆشەویستی گەل بنۆینی بە زاهیر لایەنگری مەزدەکی دەکرد و لە لایکیترەوە ناراستەوخۆ هەرەشەی لە موبدانی زەردەشت کرد کە دەستی زوورتر ئاوەڵە کەن و وەک خەسرەویکی دەسەڵاتدار ریزی لی بگرن نیهایەت ئقباڵشا لە گەڵ موبدانی زەردەشت یەکدەکەون و بۆسەیکی ناجوانمیرانە بۆ مەزدەک دەنینەوە بە دانانی وتوویژیک : لە لایک مەزدەک و لایەنەکەیتر نوینەرانی موبدانی زەردەشت و نوینەری مەسیحییەکان بە بیانوی ئەوە کە مەزدەک وتوویژەکەی دۆڕاندووە لە مەجلیسەکەدا دەست بە جی دەیکوژن و ئەنەوشیروان کوڕی ئیقباڵشا یکیک لە نوکەرانی عەشیرەی پارسیوماش /پارس و دەسەڵات هەر لە هەمان ڕۆژ هەر لەو شارە نزیک بە ١٢٠٠٠ کەس بە ژن و منداڵەوە دەکوژن و سەردەبرن و بەم شیوە ساحەبانی زیر و سەروەت دڵرەقی و نیفرەتی خۆیان لە رەنجدەران و بە دژی مرۆڤایەتی بە نمایشدانا و نیشانیاندا کە نەوەکانی راستینی جەنایەتکارانی هەخامەنش و عەشیرەی پارسیوماش / پارسن. دەبینین کە مەسئلە ئائین نییە بەڵکو مەسئلەی دەسەڵات و سەرمایەو زەروو زیوە دەبینن کە هەمو مەزهەبەکان لە پاڵ و بە پشتگیری ساحبانی سەرمایە دژی رەنجدەران دژی مرۆڤایەتی و دژی ئازادین و نەوەکانی عەشیرەی پارسیو (فارس) بە جنایەتکارترین خەسرەوی میژوو عینوانی عادڵیان پیشکەش کرد (ئەنەوشیروانی عادڵ) ! ؟ سیستمی ساسانیەکان لە فساد و گەندەڵی و نامرۆڤایەتی سەرریژ و تەفتیشی بیرو باوەر و گەندەڵی باو بوو . ژنان هیچ حیسابیکیان بۆ نەدەکردن و هەر موبدیک و لایەنگرانی موبدان و هەر پاشا و شازادە و نەوەیک و دەڵەتمەندو ئعیانیک چەند حەرەمسەرایان بوو(فاحشەخانەی خەسرەوانیان) پیک هینابوو هەروەک دەورانی هەخامەنشەکان کاتیک مەزدەک تەوسییەی دەکرد کە لەم بابەتەوە کەمیک کورت بین (تعدیل) بکەن مەزدەکیان تاوانبار دەکرد کە عیاشی کۆمەڵایەتی تەوسییە دەکات و ئیمرۆیش روناکبیری پارس بۆ ئیل کردنی زیهنییەتی مروف سەبارەت بە فەلسەفەی مەزدەک ئەم پروپاگەندە بڵاو دەکەنەوە کە مەزدەک ئائینی عەیاشی بووە، یان بۆ سەلماندنی قسەکەیان دەڵین لە دەورانی عەنتیک لە گوندەکانی ئیران لە ناو وەرزیراندا ئائینی عەیاشی(عەیاشی بە کۆمەڵ)باو بووە بە پیچەوانە ئەوەدەم لە کۆمەڵگادا ژنان ساحەبی رئی و سەربەخۆ بوون ئەم بە ناو روناکبیرانە خۆیان گیل دەکەن دەبی بزانن ئەوە شا و شازادەکان و موبدانی زەردەشتی دەورانی شاخودایی و خودایی/شاهی عەشیرەی پارسیو پارس بوو کە ژنیان بیکەرامەت و کردبویانن بە فاحشەی خەسرەوان و پێ لە سەر دانانی یونانیەکان (رومی قەدیم) و کۆمەڵگای ئیستایان لە ژیر دەسەڵاتی خودایی /شاهی سەلماندنی ئەم واقعییەتەیە . روناکبیرانی پارس مەزدەک معنادەکەنەوە بە ناوی شاد . خورەم بە ناوی ئائینی عەیاشی بە ناوی ئائینی خەرابات و بی مەسئولییەت هەر بۆیە خەیام و سەهرودی شەرقالاشراق و عین الفزاتی

هەمەدانی شعرەکانیان بە بیروباوەری مەزدەک نیسبەت دەدەن لە حالیکدا شیعرەکانی ئەم هەڵبەستانە بە تایبەت خەیام بە گومانیکی زۆرەوە بە ڕەخنەگرتن لە موبدانی ساسانی و ئیسلام و مەسیحی و هەمو ئەو ئدیانانەی کە (بە هاندان و یارمەتی دەسەڵات ) ئینسانیان لە چووار چیوە و قاڵبیکی یاسا و بی ناوەروک و وعدە و وەعید و هیوا کردنی ئینسان بە داهاتویکی نامەعلوم بەشارەت ئەدەن ، لە جیاتی ئەوەی حەق و حقوقی خۆیان لە ساحەبانی زوور و زەرِ کە ڕوناکبیرانی پارس پشتیبانیانن بستینن بە سیلاحی ئائین تەمکینیان پی دەکەن کە حەوالەی خودای بکەن بۆ رۆژی ئاخرەت . لە رواڵەتی خۆیا ئەم جورە هەڵبەستانە جێ رەخنە نییە مادام بۆ بانگەوازکردنی خەلک بۆ بەرپرسایەتی لە خۆ داماڵین و بۆ تەمکین کردنی ئینسان نەبیت . لە واقیعدا مەزدەک یعنی راستی مەزدەک ئائین و یان دین نیە سروشتە سروشتی ئینسانی تەبیعی و ئازادیە مەزدەک یعنی حەرەکەت هەڵسوران یعنی خەباتکار مەزدەک بە مانای ئیرادە و ڕاوەستان بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی و حەق و حقوقی کۆمەڵگا یانی کەسیکی بەر پرسیار لە بەرامبەر حەق و مافی ژیانی خۆی و کومەڵگا .

موبدانی مورتەجعی ساسان بە هاوپەیمانی لە گەڵ نەوەکانی خوسرەوانی پارس بە شیوەیکی جەنایەتکارانە لە میژووی بەشەرییەتدا مەزدەک و موغانیان لەم دەڤەرە غارەت و قەتڵ و عام کرد و سیستیمیکی حکومەتی خودایی شاهییان بونیاد نا و کۆمەڵگایان گرتە ژیر مەنگەنەی ئائینی سیاسی و ئاتەشکەدەیان کردە مەعبەد هەر کەس زەردەشتی موبدی نەبوایە دەیان کوشت یان دەربە دەر دەکرا و دارو نەداریان زەوت دەکرا و لە لایک تەفتیشی بیرو باوەر و لە لایک ماڵیات و باج و خەراجی شا و گرتنی گەنجان و لاوانیان بۆ سەربازی بۆ تالان کردنی گەلان. شەرەکانیان لە گەڵ ئیمپراتوری روم و ئوروپائیان شەری مەزهەب نەبوو بەڵکو شەری دەسەڵات و سەرمایە بوو و شەرو هیرشەکانیان بۆ سەر دەسەڵاتە ناوچەیەکانی ئیران بۆ مەزدەک و موخ کوژی و پاراستنی دەسەڵات و سروەت و سامانیان بوو لە دەورانی یزدگردی سێ کاتیک ئیسلام سەری هەڵدا و هیرشیان کردە سەر ئیران بە هۆی بیزاری خەلک لە دەسەڵاتی دیکتاتوری و زەخت و زۆر و زوڵم و تالان کردن و گەندەڵی حکومەتی رەجعی ساسانی مەیلیان بە بەر بەرەکانی لە گەڵ سپای ئیسلام نەبوو و فەرماندە نیزامییەکان و موبدان و شازایەکان وەک چینی ئاریستوکراتی دەوڵەتی ساسانی لە سەر ئساسی خەسلەتی بنەرەتی خۆیان خیانەت و گەندەڵی و دروو وەک ڕەواڵەتی عەشیرەی پارس لە گەڵ سەردارانی عەرەب سازان و بە بی شەر یان بە خیانەت کردن خۆیان و وڵات و گەلیان تەسلیمی سەردارانی عەرەب کرد لە هیچ شەریکدا سەرکەوتنیان نەبوو و میژوو نوسانی پارس دەڵین لە کاتی شەرەکانا گیژەڵۆکە دەهات و تنیا لە سپای ئیرانیشی ئەدا بۆیە سەرکەوتو نەبون . بەم شیوەیە حکومەتی ساسانی روخا و ئیران کەوتە ژیر سەیتەرەی عەرەب و بۆ جاریکیتر دوای ٦٠٠ ساڵ پەراویز لە میژوی ئیران عەشیرەی پارس لە ریگای موبدانی ساسانەوە بە دەسەڵات گەیشتبوون بە تەواوی دەسەڵاتیان لە دەست دا . (٢٢٤ . ٦٥٢ میلادێ)

بە دووای هیجرەتی حەزرەتی موحەممەد لە مەکەوە بۆ مەدینە زووربەی عەشیرەکانی دەڤەری عەرەبستان باوەریان بە ئیسلام هینا و موحەممەد دەیویات هەموو وەڵاتانی دەوروبەر بە پێوەند بونیان بە ئیسلام دەعوەت کات کاتیک ئیمامی ئەبوبەکر بۆ بە خەلیفە ویستی ئەم بەرنامەی حەزرەتی محەممەد بەریو بەریت وفەرمانی دا بە فەرماندە هیزەکانی مسنی بن حارس و خالدبنی وەلید کە هیرش بەرنە سەر ئیران و بیزانس و دوای ئەبوبەکر حەزرەتی عومەر سەعدبنی وەقاسی بە هیزیکی سی و چەند هەزاری کردە سەر ئیران و لە شەری چارەسازی نیهاوەند سپای ئیرانیان لە ساڵی ٢٣ ی هجری قەمەری تیک شکاند. و حەزرەتی عوسمان عەبدوڵلا بن عامربن کەریزی کردە والی بەسرا و دەستی بە سەر خوراسان و کرمان و سیستان و زابلستاندا گرت نیهایەت عەرەب سەرانسەری ئیران داگیر دەکات و هۆی ئەم شکستانەمان باس کرد لەم شەرانەیا هەمو جار بریک کچانی ئیرانی وەک کەنیز و بریک پیاوانی ئیرانی وەک غولام لە گەڵ خۆیان دەبەن بۆ عەرەبستان و بریک لە فەرماندەی ئیرانییەکان بە ئفرادیانەوە خۆیان بە شەرت و مەرج تەسلیم بە سپای عەرەب دەکەن شەرتەکانیان هیچ کە پیش ناچیت بەڵکو لە گەڵ شوونیسمی عەرەب روبەرو دەبنەوە . وەک شاروەندیکی پلە دوو رەفتاریان لە گەڵ دەکەن ـ تەحقیریان دەکەن کاری پلەی نزمیان پی دەسپیرن بە موسوڵمانی راستیان نازانن و باوەر بە کردەوە و گوفتاریان ناکەن (هەر لە کاتی عەنتیکەوە دەورەی هەخامەنشەکان لە ناو خەلکی روم و ئوروپا و جیهانی عەرەب عەشیرەی پارس بە ناوی گەلیک کە جێ باوەر نین ناسراون)و حەق و حقوقاتیان رعایەت ناکریت لە گەڵ کچانیان ئیزدواج دەکەن بڵام کچانیان بە ئیرانی نادەن،بە زمانی ئیرانی نابیت قسە بکەن، حەقیان نییە لە مەدینە بن، ئیجازەیان نییە لە سەفی ئەوەڵی نوێژدا بن . لە عەرەب نابیت ئیرس بەرن بڵام عەرەب ئیرسیان دەبات ،حەقیان نییە ئیمامی نوێژی جەماعەت بن . سەرەرای ئەوە دووای وەفاتی پیاغەمبەر لە سەر جینشینی و دەسەڵات ئیختیلاف و ناکۆکی دەکەویتە ناو فەرماندە و گەورەپیاوانی عەرەب و ئنسارو مەهاجر جەماعەتیک بەو باوەرەن کە حەزرەتی موحەممەد لە گەرانەوەی لە حوجەتولوداع لە رۆژی ١٨ زیحەجە ساڵی دەی ١٠ هجری دوۆایی بە رۆژی غەدیر ناسرا لە کۆبونەوەیکی گەورە لە مەهاجر و ئەنسار و و گەورە پیاوانی بنی هاشمی فەرمویەتی دوۆای مەرگی من حەزرەتی عەلی ولی وجي نشینی منە . دوای فەوتی موحەممەد بۆ دەست نیشانکردنی جێنشینی گوفتوگۆ و کیشە دیتە ئاراوە بریکی زۆریان پییان وایە کە مەنزوری محەمەد ئەوە نەبووە کە عەلی بکاتە جێنشینی دوای گیرەو کیشەیکی زور ئسحابی سەفینەی بنی ساعد ئنسار و مەهاجر بۆ جینشینی پیاغەمبەر مەشوەرەت دەکەن و هەمو رەئی دەدەن بە ئەبوبەکر و جەماعەتیک ئەمە بە خیلافی وەسییەتی پیاغەمبەر دەزانن و پییان وایە کە دەبی عەلی خەلیفەی ئەوەڵ بیت ئەمە دەبیتە هۆی پیک هاتنی ناکوکی لە رابەری ئیسلامدا و حەزرەتی عەلی بە تەمەنای ئیمامی عومەر بە خاتری ئیسلام دوۆای شەش مانگ لە گەڵ ئەبوبەکر بەیعەتی پی دەکا . علی لە دەورانی خەلافەتی هەر سێ خلیفە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان وەک تۆراو خۆی پەراویز دەکات و هەلسوراوی سیاسی نابیت و لە شەرەکانا دەخاڵەت ناکات .لە عەرەب و تەنانەت مەهاجر و ئەنسار کە پییان وابوو دەبی عەلی ببیتە جێ نشین بەیعەتیان لە گەڵ کرد و ئیرانییەکان وەک ئوپوزیسیون خویان دا پاڵ عەلی و دەبنە موریدی عەلی و پییان سەڵین عەلەوییان . دوای کوشتنی عوسمان عەلی دەبیتە خەلیفە لە کوفە . لە زەمانی خەلافەتی عومەر معاوییە فەرمانرەوای شام دەبیت و ساحەب نفوزی زۆر دەبیت دوای عوسمان لە شام خۆی ناو دەنیت خەلیفە وخەڵقی شام و حیجاز بەیعەتی لە گەڵ دەکەن و بەرو بەغداد و کوفە دیت و بەیعەتی لە گەڵ دەکەن ،عەلی خۆی بە خەلیفە دەزانیت و بەیعەتی لە گەڵ ناکات لە سەفین شەریان دەبیت و حفتاد هەزار کەس بی نەتیجە دەکوژریت و هەر دوو بە ناچار مل بە حەکەمییەت دەدەن و داوەرەکان رئی ئەدەن بە معاوییە خەڵقی کوفە لە ئەوەڵەوە پشتیبانیان لە عەلی دەکرد بڵام بە هۆی تەسەلوتی معاوییە بە سەر شبە جزیرەی عەرەبستان و رەئی داوەران و زوربەی ئسحاب و ئەنسار و مهاجر و بۆ خاتیمەی شەر و براکوژی زوربەی زۆری خەلقی کوفە لە گەڵ معاوییە بەیعەتیان کرد و پشتیان لە عەلی هەڵ کرد. بە هۆی ئەوەی کە عەلی ملی بە حەکەمییەت داوە جەماعەتیک لە یارانی لە گەڵی کەوتنە دژایەتی و سەرەرای ئەوە جەماعەتیک بە ناوی خەوارج هەم لە گەڵ عەلی و هەم لە گەڵ معاوییە کەوتنە شەر . خەوارج : ( باوریان وایە کە جینشینی پیاغەمبەر دەبیت بە رئی خەڵق و لە سەر رئی شورایی هەڵبژیردریت ) دوای ماوەیک عەلی عاقیبەت بە دەستی ئبنی مولجەم یەکیک لە خەوارج (١)دەکوژریت .

بەشیکی زوور عەرەب لە لایەن گرانی عەلی و ئەولادی عەلی کۆچ دەکەن بەرەو سورییە، یەمەن و لیبی و کووەیت و قەتەر و ئەمانە لە گەڵ عەلەوی یان شیعەی ئیرانی فەرقیان هەیە و دیموکراتیکتر بیر دەکەنەوە بویە لە ڕاپەرینی گەلی کووەیت خەلک بە ئیرانیان ڕاگەیاند کە دەخاڵەت لە خەباتیان نەکات و ئیستا لە سورییە بە ناوی عەلەوی یان شیعە پشتیبانی دەسەڵات دەکات ئەمە سەنەدیکی حاشا هەڵنەگرە کە عەشیرەی پارس بە دریژایی میژووی لایەنگری دەسەڵات و دژی ئازادی و دیموکراسی گەلان بووە ، عەلەوییان دینە

تەبەرستان(مازندەرانی ئیمرۆ) (ئامول،بابل،ساری،لاهیجان،چابکسەر بابلسەر و،رودبار و مەنجیل و لە باکور و ڕۆژ ئاوای ئیران عەلەوییەکان دینە فارس و ئیلام و کرمانشا .عەلەوییەکان لایەنگری ئازادی و دادپەروەری بوون بەم هۆیەوە زەردوشتیانی موخ لە شاخ وداغ و کوۆیستانەکانی بیزانس و خوراسان و ئلبورز و کرمانشا و ئیلام ،یارمەتییان دان و لە گەڵ نارازییانی خەلیفە بە دژی خەلیفەی بغداد قیامیان کرد و لە تەبەرستان پەرچەمی سپییان حەوادا و سلسلەی عەلەوییانی زەیدیان دامەزراند و پایتەختیان ئامول بوو . لە لایکی ترەوە بە هۆی هیرش و نفوزی عوسمانییەکان و هیرشی بەردەوامی تورکەمنەکان و روسەکان و خیانەتی ئاریستوکراتەکان پەیرەوانی عەلەوییەکان و زەردوشتیەکان خەسلەتی خەباتکارانەیان لە دەستدا وهەروا کە وتمان دەستیان بردە ناو ئامۆژگارییەکانی زەردوشتەوە و ئەسالەتەکانی ئینسانی تەبیعییان لە گرێژنە برد و هەروا دوازدە ئیمامییەکان نفوزیان کردە ناو عەلەوییەکانەوە و گۆمارودانی ئەم دوو بیرو باوەرە لە لایەن عوسمانییەکان و تورکەکان و تاتارەکان و سەفەوییەکان و پەیرەوانی ئسنا عەشەری بە مەرکەزییەتی قوم و مەشهەد بە بونی مەرقەدی ئیمام جەعفەری ئیمامی شەشوم و بە تەنگ هێنان و زوڵم و زۆری ئابوری و رەوانی و سوکایەتی فەرق و فروق لەخاڵەگرینگەکانی ئەم ئاسیومیلاسیونیزمەی،فەرهەنگ،کولتورو مەزهەبەیە.

----------------------------------------------------------------------

بیرو باوەری ئەم عەشیرەیە بە درێژایی مێژوویان چ کاتیک لە دەسەڵاتدا بوون یان لەدەسەڵاتدانەبوون لە هەموو کاتدا خاوەن و پشتیبانی بیرو رای ئیرتیجاعی و دژی مرۆڤایەتی ، دیموکراسی و ئازادی بوون ، لایەن گرانی سەرسەختی خەسرەوان زاڵمان و ساحەبانی زیرو سەرمایە بون و هەوڵدان بۆ دەسەڵاتیان لە ڕیگای خیانەت و فیڵ و کەڵەک و دروو فیشاڵ و ناجوانمیرانە بووە . لە بەشی دووی ئەم نوسراوە لە هاتنی ئیسلامەوە تا ئیمرۆ ئسناد و فاکتەرهایکی زوور گرینگ دەخەینە بەرچاو بۆ مسوەگەر بونی ئەم بیرو باوەرە دژ بە کۆمەڵایەتی ئینسان .

بە دوای بلاو بونەوەی بەشی دووی ئەم وتارە سەرنجی خوێنەرانی بەریز ڕادەکیشم بۆ نوسراوەیک لە ژیر ناوی :

ئەوانە کێن کە ئیدعای تەمامییەتی ئەرزی ئیران یان ئیرانی تەفکیک ناپەزیر دەکەن ؟ فاکتەر و ئسنادەکانتان کامەیە ؟ تکایە بیان هێننە پیش و رووی خەن .

سەرچاوەکان :

ایران در زمان ساسانیان کریستنسن (محقق دانمارکی)
تاریخ اجتماعی ایران سعید نفیسی
تاریخ اجتماعی ایران مرتصی راوندی
تاریخ ایران از باستان تا امروز آ . گرانتوسکی ترجمه کیخسرو کشاورز
تاریخ ایران از عهد باستان تا قرن ١٨ ، پیگولووسکایا، ترجمه کریم کشاورز، تهران، ١٣٥٣
تاریخ ماد. ایگور میخائیلوویچ دیاکونوف. ترجمه کریم کشاورز، تهران: نشر امیرکبیر.
تاریخ ایران باستان. دیاکونوف، میخائیل میخائیلوویچ. روحی ارباب. انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ دوم ١٣٨٠
وڵاتی ئازاد: پژاک

درێژەی هەیە

سەر چاوە : ماڵپەری هەڵوێست




## Pushper ٢٧١٣ پووشپەڕ

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ 22 | ٢ 23 | ٣ 24 | ٤ 25 | ٥ 26 | ٦ 27 | ٧ 28 |
| ٨ 29 | ٩ 30 | ١٠ Jul 1 | ١١ 2 | ١٢ 3 | ١٣ 4 | ١٤ 5 |
| ١٥ 6 | ١٦ 7 | ١٧ 8 | ١٨ 9 | ١٩ 10 | ٢٠ 11 | ٢١ 12 |
| ٢٢ 13 | ٢٣ 14 | ٢٤ 15 | ٢٥ 16 | ٢٦ 17 | ٢٧ 18 | ٢٨ 19 |
| ٢٩ 20 | ٣٠ 21 | ٣١ 22 | | | | |
| | | | | | | رەحمان نەقشی |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : رەحمان نەقشی

r_ neqsi@yahoo.ca